Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10219

# ئاڵووگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان لە سەدەی(٦-٧ک/١٢-١٣ز)

**ڕابیعە فەتاح شێخ ئەحمەد ، ناز وەهاب ئەحمەد**

بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین،عێراق کوردستانی هەرێمی .

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

خاچییەکان، موسڵمانەکان، بازرگانی، شام، میسر

***Corresponding Author***

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئاڵووگۆڕ و پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت وڵاتی شام و میسر، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین هۆکار و ئەنجامەکانی ئەم پەیوەندییە بازرگانییانە، مێژووی جەنگی خاچییەکان بە یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی ناو مێژووی ئیسلام و ئەوروپا دادەنرێت، چونکە ئەم سەردەمە مێژوویە بە سەردەمێکی سیاسی خوێناوی و پڕ لە جەنگ و ناکۆکی ناسراوە، لە کاتی باسکردنی سەردەمی جەنگی خاچییەکان ڕاستەخۆ ئاماژە دەخرێتە سەر لایەنی سیاسی، بەڵام بایەخ و گرنگی لایەنی ئابووری بە تایبەت بازرگانی هیچی لە لایەنی سیاسی کەمتر نەبوو، چونکە لایەنی ئابووری بە کۆڵەکە و دەرخەری بەهێزی و درێژەپێدەری سیاسەتی هەموو وڵاتێکە، تەنانەت مێژوونووسان باسیان لەوەکردووە،پاڵنەرە ئابوورییەکان بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵمەتی خاچییەکان بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دادەنرێت. دەستپێکردنی هەڵمەتی خاچییەکان بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و نیشتەجێبوونیان و مانەوەیان تێیدا بۆ ماوەی سەدان ساڵ، بوو بە هۆکاری ئەوەی خاچییەکان ببن بە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ناوچەکە، بەم شێوەیەش جگە لە پەیوەندی سیاسی پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوایاندا هاتووەتە کایەوە، ئەنجامی ئەم ئاڵووگۆڕ و پەیوەندییە بازرگانییەی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان کاریگەری ئەرێینی بەسەر تەواوی خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت خەڵکی ڕۆژئاوایشەوە بەجێهێشتبوو، بەڵگەش بۆ ئەم ووتانە ئەو ئاشتینامە و ئاگربەستانە بوو لەنێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان بەسترا، چەندین بەندیان بۆ لایەنی ئابووری بە تایبەت بازرگانی و بازرگانان تەرخان کردبوو، جەختیان لەسەر ئازادی بازرگانان و بازرگانی و پاراستنی سەلامەتی گیان و ماڵیان کردەوە، لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییانە چەندین دامەزراوەی بازرگانی هاتووەتە کایەوە، موسڵمانەکان و خاچییەکان ئاشنای زمان و کاڵا و شمەک و بەروبووم و شارستانیەتی یەکتر بوون.

**پێشــەکی**

ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات بە تـایبەت وڵاتـی شـام و میسـر لە کۆتاییەکـانی سـەدەی پێنجەمـی کـۆچی و یـانزەیەمی زاینـی لەلایەن ئەوروپـــای ڕۆژئـــاواوە ڕووبەڕووی داگیرکـــاری بـووەتەوە. ئەم سـەردەمەیش لە مێـژوودا بە سـەردەمی جەنگی خاچییەکـــان ناســـراوە، جیهـــانی ئیســـلامی هەر لەســـەردەمی سەلجوقییەکانەوە تاوەکو سەردەمی مەمالیک خۆی لەبەردەم نۆ هەڵمەتـــی خاچییەکـــان بینیـــووەتەوە، ئەم هەڵمەتـــانەیش لە ڕووکەشـەوە هەڵگری دەمـارگیری ئـایینی بـوو، بەڵام لەڕووی نـــاوەخنەوە مەبەســـتی سیاسی و ئـــابووری و کۆمەڵایەتییـــان لەخۆگرتبوو، مێژوونووسـانەکانیش پـاڵنەرە ئابوورییەکانیـان بە یەکێـک لە هۆکـارە سـەرەکییەکانی هەڵمەتە خاچییەکان لەقەڵەم داوە. یەکەمـین هەڵمەتـی خاچییەکـان بە ئاراسـتەی ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات بە دەستگرتنیان بەسـەر ناوچەکـانی وڵاتـی شامدا دەســـتیپێکرد، ئەم هەڵمەتـــانەیش خـــۆی لە بنیاتنـــانی چـــوار میرنیشینی خـاچیی لە شـارەکانی ڕوهـا و تەرابڵس و ئەنتاکیا و قودس بنییەوە، کە بۆ ماوەی سەدان ساڵ تیایدا نیشتەجێ بـوون، ئەم دۆخەش زەمینەسازی کرد بۆ خاچییەکان کە ببن بە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات، بەم شێوەیەش جـگە لە پەیوەنـدی سیاسـی پەیوەنـدی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی

موسڵمانەکان و خاچییەکانی پێکەوە گرێدا بوو، لە نێوان ئەو پەیوەندییانەدا ڕۆڵی پەیوەندییە بازرگانیەکان بە تایبەت ئاڵوگۆڕی کاڵا و شمەک و پێداویستیە جیاوازەکان لەنێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان بەرچاو دەکەوێت، دەتوانین ئەو ئاشتینامە و ئاگربەستانەی کە لە نێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان بەسترا بە بەڵگەی ئەو ووتانە لەقەڵەم بدەین، تەنانەت چەندین بەندیان بۆ لایەنی بازرگانی و ئیمتیاز بەخشین بە بازرگانان تەرخان کردبوو. کاریگەری ئەنجامی ئەم پەیوەندییانەیش ڕەنگدانەوەی لەسەر دامەزراوە بازرگانییەکان و زەمان و کاڵا و شمەک و بەروبووم و شارستانیەتی هەردوولا بەجێهێشتبوو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:** بۆ زیاتر ئاشنایی و شارەزابوون بوو بە لایەنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان، بە تایبەتی ئەو خاچییانەی ڕوویان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت وڵاتی شام کردبوو. لەگەڵ هۆکار و ئەنجامی دروستبوونی ئەم پەیوەندییانە کە کەمترین کات باس و خواست لەسەر لایەنی بازرگانی نێوانیان کراوە، زۆربەی سەرچاوەکان لایەنی سیاسیان خستووەتەڕوو، بۆیە لەم توێژینەوەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەر لایەنی بازرگانی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئەو ئامانجەی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، خستنەڕووی ئەو پەیوەندییانەیە لەنێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان لەو سەردەمە مێژوویەدا، چونکە پەیوەندی نێوانیان تەنها خۆی لە دەمارگیری ئاینی و جەنگ و ناکۆکی نەبینیوە، بە مانەوەی خاچییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت وڵاتی شام بوو بەهۆی دروستبوونی پەیوەندی و مامەڵەکردن لە نێوانیاندا، ئەم پەیوەندییانەیش چەندین ئەنجامی جۆراوجۆریان لێکەوتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ تەوەر و پاشکۆ و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان کردووە، وەکو دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر ناوچە ستراتیجییە ئابوورییەکانی وڵاتی شام، وە دەستگرتنیان بەسەر شار و بەندەر و قەڵا گرنگە بازرگانییەکان، لەگەڵ زیادەی خواست و پێویستی ئەوروپا لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵات، لە تەوەرەی دووەمدا تیشکمان خستووەتەسەر ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە بازرگانییەکان. لەوانە کاڵا و شمەک و بەروبوومە جۆراوجۆرەکان، جلوبەرگ و کەرەستەی سەربازی و کانزاکان، هەروەها کەلوپەلەکانی ناو ماڵی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان، لە تەوەرەی سێیەمدا ئاماژەمان بە ئەنجامەکانی ئەم پەیوەندییە بازرگانییانە کردووە، وەکو کاروانسەرا و دراو و پیشەی دەلاڵ و زمان و وەرگێڕەکان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیە بەکارمان هێناوە، میتۆدی مێژووی شیکارییە. توێژینەوەکەش بەشێکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر، پشتی بە چەندان سەرچاوەی سەرەکی و ژێدەر بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی بەستووە، ئەو سەرچاوانەش بریتین لە(القلقشندي-صبح الأعشى؛ستيفن رانسيمان-تاريخ حملات الصليبية؛ Ray-Les colonies franques de syrie).

## تەوەری یەکەم:

## هۆکارەکانی دروستبوونی پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان:

١-دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر ناوچە ستراتیجییە ئابوورییەکانی وڵاتی شام:

سەرەتای دروست بوونی پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بۆ هەڵمەتە یەک لە دوای یەکەکانی خاچییەکان بە ئاراستەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، بە تایبەت دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر ناوچەکانی وڵاتی شامدا. چەندین هۆکاری جیاواز ڕۆڵی لە دروست بوونی ئەم پەیوەندییانەدا بینیووە، بەڵام دەتوانرێت لەنێوان ئەو هۆکارانەدا ڕۆڵی دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر ناوچە ستراتیجییە ئابوورییە دەوڵەمەندەکانی وڵاتی شام بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروست بوونی پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان لەقەڵەم بدرێت(الشاتري،د.ت،٣٦؛توديبود،١٩٩٩،٦٢). ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی خاچییەکاندا بوو، بە چەندین جۆری بەروبووم و کاڵا و شمەکی جۆراوجۆر دەوڵەمەند بوو، بەجۆرێک ئەو بەروبووم و کاڵا و شمەکانە پێداویستی گرنگی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازییە جیاوازەکان بوون. بەو پێیەی موسڵمانەکان پێویستییەکی زۆریان پێی هەبوو، بۆیە نەیاندەتوانی بە ئاسانی دەست بەرداری ببن، ئەمەش بوو بە هۆکارێک بۆ دروست بوونی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی لە نێوانیاندا، دەکرێت شاری تەرابلس[1] بە نموونە وەربگیرێت، خاچییەکان لە ساڵی(٥٠٢ک/١١٠٨ز) دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەهۆی پێگە و گرنگی ستراتیجی ئەم شارەوە جۆرێک لە پەیوەندی بازرگانی لە نێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان هاتووەتە کایەوە(ابن الجوزي،٢٠١٣،٢٠/٢٨؛ابن القلانسي، ١٩٠٨،١٦٣؛ابوالفداء،١٨٥٠، ٢٥٣). ئەو کاڵا و شمەکانەیشی کە لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرا بە زۆری بریتی بوو لە پیشەسازی کاغەز و شوشە، کە بەهۆی باشی جۆرەکەیەوە ناوبانگێکی باشی پەیداکردبوو، هەناردەی ناوچە و شارە جیاوازەکانی دیکەی وڵاتی شام کراوە(کردعلي،١٩٢٦،٤/٢٤٣؛ Ray,1883,224 ).

جێگەی ئاماژەیە بەشێک لەو مادده و شمەکانەی کە سەرچاوەی دروست بوونی ئاڵووگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی بوون، بریتی بوون لە بۆیەی ڕەنگی مۆری تۆخ کە بە(ئەرخەوانی) ناسرابوو لە شاری تەرابلس (هاید،١،١٩٩١/١٩٠؛ سالم،١٩٦٦،٢٣٢) قامیشی شەکر و زەیتون و میوە و بەفر(سەهۆڵ) و لۆکە (الأدريسي،د.ت،٣٧٢/١؛شيخ الربوة، ١٨٦٥،٢٠٨؛ابن الشحنة،١٩٨٤،٢٦٧)، لەشاری تەرابلسەوە هەناردەی ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەستی موسڵمانەکان کراوە(محمود،١٩٩٦،٥٨،٥٩؛الجوهري،١٩٩٦،١٣٩). لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت باس لەوە بکرێت سەرەکیترین مادە کە سەرچاوەیەکی سەرەکی دروست بوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان بوو، بریتی بوو لە ئاسن و دار، چونکە ئاسنەکە بۆ دروستکردنی کەرەستەی جەنگی وەکو چەک بەکاریان هێناوە لە ناوچە شاخاوییەکانی لوبناندا هەبووە، هەروەها داریش لە شاخەکانی لوبنان و باشوری ئەنتاکیا[٢]تەرابلس یەکێک بوو لەو پێداویستیە گرنگانەی کە بۆ دروست کردنی بەلەم و کەشتیگەلی بەکاردەهێنرا،پاشان هەناردەی وڵاتی میسر شارە موسڵمانەکانی دیکە کراوە (الأدريسي،د.ت،١/،٣٧١؛ابن شداد،١٩٦٢،١٠١؛Ray,1883,223).

یەکیکی دیکە لەو شارانەی کە سەرچاوەی دروست بوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان بوون، شاری(عەککا ،صور)[٣]بوو، سەرباری ئەوەی یەکێک بوو لە گرنگترین بەندەرە ئاوییە بازرگانییەکان، لەهەمان کاتیشدا بنکەی سەرەکی پیشەسازی شەکر و شوشە بوون، تەنانەت لەم شارانەوە بەشێکی زۆر لە بەرهەم و بەروبوومەکانیان هەناردەی ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی شام و وڵاتانی ئەوروپاش کراوە(حاج بورشارد،١٩٩٥،١١٣؛براور،٢٠٠١،٤٤٢-٤٤٣؛کردعلي،١٩٢٦،٤،٢٣٨/٢٢٦؛ Ray,1883,224).

شاری تەبەریە[٤] کە خاچییەکان لەساڵی(٤٩٢ک/١٠٩٩ز) دەستیان بەسەردا گرتووە، لە کۆنەوە بە پیشەسازی حەسیر بەناوبانگ بوو، بە تایبەت موسڵمانەکان بۆ نوێژکردن بەکاریان هێناوە، نرخی یەک دانەیان دەگەشتە پێنج دیناری ئاڵتونی، لەم جۆرە حەسیرە لە شارەکانی تر زۆر بەکەمی دروست کراوە، لە ڕێگای بازرگانییەوە ئەم جۆرە حەسیرە هەناردەی ناوچە و شارەکانی تری موسڵمانەکان و خاچییەکان لەگەڵ ئەوروپایش کراوە(الأدريسي،د.ت،٣٦٣/١؛حسن الدويكات،١٩٩٦،١١٤).

گرنگترین ئەو ناوچە و شارانەی ژێر دەسەڵاتی خاچییەکان، کە لە بواری بازرگانیدا ڕۆڵیان هەبوو، دەکرێت شاخەکانی لوبنان و ناوچەکانی عەکار و جەبیل بە نموونە وەربگیرێت، چونکە دەوڵەمەند بوون بە دارستان و جۆرەها داری جیاواز، دەتوانرێت دار سەروو و سنۆبەر و ئەرز و بەڕوو و فستقی حەلەبی بەنموونە وەربگیرێت، کە هەناردەی وڵاتی میسر شارە موسڵمانەکانی دیکە کراوە(فوقاس،٢٠١٠،١٥؛Ray,1883,237-238؛النقاش، ١٩٥٧،١٧٤). لەنێو ئەو بەرهەمانەدا داری زەیتون گرنگیەکی زۆری پێدرابوو، چونکە سابوونی لێ دروست دەکرا، ئەوەش بوو بە هۆی دامەزراندنی کارگەی سابوون، ئەم پیشەسازییە پێش هاتنی خاچییەکانیش هەبوو، بەڵام بەهاتنی خاچییەکان گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینی و چەندان کارگەی سابوونیان لە شارە جیاوازەکانی وەکو عەککا و قودس و ئەنتاکیا و(طرطوس)[٥]دامەزراند. ئەوەی جێگەی سەرنجە موسڵمانەکان و مەسیحیەکان لە بەرهەمهێنانی ئەم پیشەسازییەدا پێکەوە کاریان کردووە و هەناردەی ناوچە و شارە جیاوازەکانی دیکەیان کردووە (کردعلي،١٩٢٦،٤،١٧٦/١؛البيشاوي،١٩٨٩،٤٣٣). شایەنی باسە، دەوڵەمەندی شار و ناوچەکانی ژێر دەستی خاچییەکان، پێویستی موسڵمانەکان بەو بەروبووم و بەرهەمانە وەکو سەرەتا و هۆکارێک بۆ دروست بوونی پەیوەندی نێوانیان لە قەڵەم بدرێت.

## ٢-دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر بەندەر و قەڵا و شارە گرنگە بازرگانییەکان:

لە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی دروست بوونی پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بۆ دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر بەندەر و قەڵا و شارە گرنگە بازرگانی و ستراتیجیەکاندا دەگەڕێتەوە، بە تایبەت دەستگرتنیان بەسەر کەنارەکانی وڵاتی شامدا، چونکە بە کۆنتڕۆلکردنی ڕێگا بازرگانی و بەندەرە ئاوییەکان موسڵمانەکان ناچار بوون بۆ دەستکەوتنی کاڵا و شمەک و پێداویستیەکانیان لەڕێگەی ئاگربەست و ئاشتینامەوە پەیوەندی بە خاچییەکانەوە بکەن. گرنگترین ئەو شارانەش وەکو شارەکانی ڕوها[٦]و ئەنتاکیا و تەرابلس و قودس بوو، کە هەموویان خاوەن پێگەی گرنگی ئابووری و بەندەری بازرگانی بوون، لە گرنگترین بەندەرەکانیش عەککا و لازقیە[٧] و یافا[٨] و(صیدا)[٩]بوو، دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر ئەم شار و بەندەرانە وایکرد قۆرخی ڕێگا بازرگانییەکان بکەن(رانسيمان،٢،١٩٩٨/٣٦؛باكر،١٩٦٧،٤٧)، باشترین بەڵگەش ئاگربەستی ساڵی(٥٦٧ک/١١٧٢ز) کە لە نێوان(نورالدين محمود الزنكي) و خاچییەکانی شاری ئەنتاکیادا مۆرکرابوو، بەپێی بەندی ئاگربەستەکە هەردوولایان لەسەر پاراستنی ئاسایشی ڕێگاوبان و کاروانە بازرگانییەکان ڕێکەوتبوون. لە هەمان کاتیشدا داوایان کرد ڕێگە بە موسڵمانەکانی شاری حەلەب و موسڵ بدرێت کە بەبێ ڕێگریکردن، کاڵا و شمەک لەگەڵ وڵاتی میسردا لە ڕێگەی بەندەری لازقییەوە هاوردە و هەناردە بکەن، چونکە لەو ماوە مێژوویەدا ئەم بەندەرە لەژێر دەستی خاچییەکان بوو(ابن

الأثير،١٠،١٩٦٣/٣٧). لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانین بەندەری تەرابلس بە نموونە وەربگیرێت، وەکو بەندەرێکی دیار ڕۆڵێکی گرنگ و ستراتیجی لە بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی وڵاتی شامدا گێڕاوە، خاچپییەکانیش کاتێک لەساڵی(٤٩١ک/١٠٩٨ز) دەستیان بەسەردا گرت درێژەیان بەهەمان ڕۆڵی پێشووی ئەم شارە و بەندەرەکەی داوە، بەو هۆیەوە لە ڕێگەی بەندەری شاری تەرابلسەوە کاڵا و شمەکی شارەکانی تری وڵاتی شام و ڕۆژهەڵاتیان دەگواستەوە بۆ بەندەرەکانی وڵاتانی ئەوروپا وەکو ئیتاڵیا و فەڕەنسا، هەروەها هەناردەی ناوچە جیاوازەکانی دیکەی موسڵمانەکان کراوە(الأدریسي،د.ت،١/٣٧٢-٣٧٣؛بارکر،٢٨،٦،١٩٦٧-٢٩؛سالم،٢٣٠،١٩٦٦).

شاری عەککایش یەکێک بوو لە بەندەرە بازرگانییە گرنگەکانی خاچپییەکان لەسەر کەنارەکانی وڵاتی شام (القزویني،د.ت،٢٢٣-٢٢٤؛ابو الفداء،٢٤٢،١٨٥٠)، یەکێک لە گەریدەکان ئەویش(ابن جبیر)(٦١٤ک/١٢١٧ز) لەگەڵ کەشتی خاچپییەکان سەردانی ئەم شارەی کردووە، لەو بارەوە دەڵێت:"شاری عەککا لە وڵاتی شام، بنکە و مەڵبەندی خاچپییەکان بوو، بە شاری قوستەنتینیەی ناساندووە"(د.ت،٢٧٦) جێگەی ئاماژەیە، ئەم بەندەرە چالاکترین بەندەری بازرگانی بوو، چونکە کاروانە بازرگانییە گەورەکان و گەشتیارانی ناوچە جیاوازەکان بە کاڵا و شمەکەکانیانەوە دەهاتنە بەندەری ئەم شارە، هەروەها خاچپییەکان و کەشتیە بازرگانە ئەوروپییەکان دەهاتنە وڵاتی شام لەم بەندەرە دادەبەزین. واتە شاری عەککا یەکێک بوو لە بەندەرە گرنگەکان، دەرگای واڵا کردبوو لە بەردەم لایەنە جیاوازەکان بۆ ئەوەی ڕووی تێبکەن(ابو الفداء،٢٤٣،١٨٥٠؛رانسیمان،٣،١٩٩٨/٤١٤؛ Ziadeh,1953,135). شایەنی باسە شاری عەککا تاوەکو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی خاچپییەکان لە ڕۆژهەڵات وەکو مەڵبەند و بنکەی سیاسی و ئابووری و سەربازی بەدەستی خاچپییەکان مابوویەوە(کردعلي،٢٦٤،١٩٢٦-٢٦٥؛ دیل،٣٢،١٩٤٨-٣٣).

لێرەشەوە گرنگی دەستگرتنی خاچپییەکانمان بەسەر عەککادا چی وەکو شار یاخود بەندەر بۆ دەردەکەوێت، چونکە بوو بەهۆکاری ئەوەی کە موسڵمانەکان و خاچپییەکان پێکەوە چەندان ئاگربەست ببەستن و جەخت لەسەر لایەنی گرنگی بازرگانی نێوانیان بکەنەوە، ئەگەر ئاگربەستی ساڵی(٦٨٢ک/١٢٦٧ز) بخەینە بەرباس کە لە نێوان سوڵتان (الظاهر بیبرس)(٦٥٨-٦٧٦ک/١٢٦٠-١٢٧٧ز) و سوارچاکە خاچپییە(الإسبتاریة-الهسبتالیین)[10]مۆرکرا بوو، لەو کاتەدا ئەم ئاگربەستە دەرخەری ڕادەی گرنگیدانی موسڵمانەکان و خاچپییەکان بە ئاڵووگۆڕی بازرگانی نێوانیان دەخاتەڕوو، چونکە ئەم ئاگربەستە گرنگی بە کاری هەموو ئەو بازرگان و گەشتیارانەدا، کە هاتووچۆی ناوچە و شارەکانی موسڵمانەکان و خاچپییەکان دەکرد، بەپێی ئەم ئاگربەستەش ئەو بازرگان و گەشتیارانەی کە هاتووچۆی ئەو ناوچە و شارانە دەکرد، کە لە ئاگربەستەکە ناویان هاتبوو وەکو شارە خاچپییەکانی (عەککا،صیدا،عثلیث)[11]، لەلایەن موسڵمانەکان و خاچپییەکانەوە، لەسەر ماڵ و حاڵ و گیانیان سەلامەت و پارێزراودەبوون. تەنانەت لە حاڵەتی مردنی بازرگانێک لە بازرگانەکان بە جیاوازی ڕەگەز و ئاینیانەوە کە هاتووچۆی ناوچە موسڵمانەکان و خاچپییەکانی کردووە، پارێزگاری لە ماڵ و سامانەکەی کراوە هەتاوەکو ڕادەستی کەفیلەکەی دەکرایەوە لە عەککا، بەپێچەوانەشەوە بۆ موسڵمانەکان ڕادەستی کەفیلی سوڵتان دەکرایەوە (القلقشندي،١٤،١٩٢٢/٣٧).

دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، خاچپییەکان لە ڕێگەی ئەم ناوچە و قەڵایانەوە توانیان کۆنتڕۆڵی ڕێگا بازرگانییەکان بکەن، بۆ نموونە لە ڕێگەی شاری ڕوهاوە دەستیان بەسەر قەڵاکانی ڕاوندان[12] و تەل باشر[13]دا گرت. گرنگی قەڵای ڕاوندان لەڕووی بازرگانیەوە لەوەدا بوو کە کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی ئەنتاکیا و ئەو شارانەی کە دەکەوتنە سەر ڕووباری دیجلە و فوڕات. هەروەها گرنگی قەڵای تەل باشریش ئەوەبوو کە کۆنتڕۆڵی ڕێگای بازرگانی ئەو شار و ناوچانە دەکرد کە دەکەوتنە سەر ڕووباری دیجلە وەکو شارەکانی موسڵ و بەغداد، بەدەستگرتنی خاچپییەکان بەسەر ئەم قەڵایانەدا کۆنتڕۆڵی ئەو ڕێگا بازرگانیانەیان کردووە کە کاروانی موسڵمانەکانی پێدا ڕۆشتووە(Ray,1883,196-189؛رانسیمان،٢،١٩٩٨/٣٦؛محمود،١٤،١٩٩٦).

قەڵای کوردانیش کە خاچپییەکان لە ساڵی(٥٠٣ک/١١٠٩ز) دەستیان بەسەریدا گرتبوو، ئەگەر لەڕووی پێگەکەیەوە سەیر بکرێت، دەتوانرێت بە یەکێک لە قەڵا تۆکمە و گرنگانەکان لە ڕووی بازرگانییەوە دابنرێت،چونکە لەلای ڕۆژئاواشەوە دەگەیشتە شاخەکانی لوبنان، لەگەڵ ئەوەشدا دەیڕوانیە سەر هەموو ئەو هەرێمانەی کە دەکەوتنە نێوان شارەکانی(طرطوس،تەرابلس) لەلایەک و هەروەها شاری حمس لەلایەکی ترەوە(شیخ الربوة ،٢٠٨،١٨٦٥؛ابو الفداء،٢٥٩،١٨٥٠؛العسلي،٤،١٩٨٨/٣٣٥). شایەنی باسە، ئەگەر لە گرنگی بازرگانی قەڵای(الشوبک) لە وڵاتی شام بڕوانرێت کە خاچپییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، ئەم قەڵایە دەکەوتە ڕێگای نێوان ئیلە[14] و دەریای مردوو. هەرچی قەڵای(الکرک) سەد و پێنج کیلۆمەتر لە قەڵای (الشوبک) دوور بوو، کەوتبووە وڵاتی شام بە ئاراستەی حیجاز، لە نێوان ناوچەکانی ئیلە و دەریای سور و قودسدا بوو (الصوري،٢،١٩٩٤/٣١٦-٣١٧؛ابن السعید،٢٤٧،١٩٧٠؛ابو

الفداء،٢٤٧،١٨٥٠). لەلایەن(رينالد دي شاتيون- Renaud de Chatillon)[١٥]دەست بەسەر ئەم قەڵایانەدا گیرابوو.

ئەم دەست بەسەرداگرتنەش مەترسی بۆ کاروانە بازرگانییە موسڵمانەکان دروست کردبوو کە بەو ڕێگەیەدا تێدەپەڕین، چونکە لە ڕێگەی ئەم دوو قەڵایەوە خاچییەکان توانیان دەست بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانییەدا بگرن، کە بە ئاراستەی شاری دیمەشق بۆ میسر پاشان بۆ دەریای سور دەڕۆیشت(ياقوت الحموي،٣،١٩٧٧/٣٧٩؛ الصوري،٣،١٩٩٤/٣٥٦؛فيز،٥٥،١٩٨٤-٥٦)، دوای دەستگرتنی خاچییەکان بەسەر ئەم دووقەڵایەدا(بلدوين الرابع) مەلیکی قودس پێشنیازی ئاگربەستی بۆ سوڵتان(صلاح الدين الأيوبي) کرد، سوڵتانیش ڕەزامەندی لە بەستنی ئاگربەستی ساڵی(٥٧٦ک/١١٨٠ز)پیشاندا، تەنانەت گرنگترین مەرجی سوڵتان ئازادی بازرگانی و دابینکردنی ئاسایشی هاتووچۆی ڕێگاوبان بوو بۆ بازرگانەکان لەو ناوچانەی کە خاچییەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو لەوانەش ئەو ڕێگایانەی کە بەقەڵای( الكرك،الشوبك) تێدەپەڕین(البنداري،١،١٩٧٠/٣٤٥؛ جب،١٤١،١٩٧٣).

## ٣- زیادبوونی خواست و پێویستی ئەوروپا لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵات:

هۆکارێکی دیکەی دروست بوونی پەیوەندی بازرگانی نێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان بۆ زیاد بوونی خواستی خەڵک و بازرگانانی ئەوروپا لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتی دوور دەگەڕایەوە، چونکە ناوچە و شارەکانی ڕۆژهەڵات خاوەن پێگەیەکی گرنگی ستراتیجی و ئابووری بوون، تەنانەت پێش جەنگی خاچییەکانیش بازرگانانی شارە ئەوروپییەکانی وەکو ئیتاڵیا پەیوەندی ئابووریان لەگەڵ موسڵمانەکاندا هەبووە (Ray,1883,69-70). هاتنی خاچییەکان و مانەوەیان لە ناوچەکانی وڵاتی شام بوو بەهۆی ئەوەی کە ئاسانتر و گەرم و گوڕتر پەیوەندی بازرگانی نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەرەبسێنێت، چونکە خاچییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر خاوەن بازرگانی دەریایی بوون، ئاشنای زیاتریان لەگەڵ بەرهەم و کاڵا و شمەکەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیک بۆ دروست ببوو، ڕۆڵی نێوەندگێریان لە نێوان موسڵمانەکان و بازرگانە ئەوروپییەکان لە ناوچە کەناراوییەکانی وڵاتی شامدا گێراوە، ئەمەش ڕێگەی بۆ بازرگانە ئەوروپییەکان خۆش کرد بەشێوەیەکی ئاسانتر کاڵا و شمەکی ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیکیان دەست بکەوێت. لەسەر ئەم بنەمایەش پێداویستییەکانی موسڵمانەکان و خاچییەکان و تەنانەت ئەوروپییەکانیش بە کاڵا و شمەکی یەکتر بوو بەهۆی دروست بوونی مامەڵەی بازرگانی لە نێوانیاندا(هايد،١،١٩٨٥/١٨٢؛باكر،١٤٥،١٩٦٧؛توفيق،٩٥،٩٨،١٩٨٦).

ئەم کاڵا و شمەک بەروبوومانەش لەلایەن بازرگانە موسڵمانەکانەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی دوورەوە لەڕێگەی خەلیجی عەرەبییەوە هەناردەی شاری بەغداد کراوە، یاخود لەڕێگای شاری حەلەبەوە ئاراستەی بەندەری ئەنتاکیا و لازقیە کراوە، یاخود لەڕێگەی شاری حمس و حەما و دیمەشقەوە ئەم کاڵا و شمەک و بەرووبومانە هەناردەی بەندەرەکانی عەککا و تەرابلس و بەیروتەوە کراوە، پاشان ئاراستەی وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا دەکرا. واتە بەهۆی خواستی ئەوروپییەکان لەسەر کاڵا و شمەک و پێداویستییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی دوور پەیوەندی لە نێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان دروست بوو، چونکە بازرگانە موسڵمانەکان پێداویستیانەیان هەناردەی بەندەرەکانی خاچییەکان کردووە، دواتر ئاراستەی ئەوروپا کراوە، تەنانەت ڕێگەیان بە بازرگانە موسڵمانەکانیش

داوە لەکاتی هاتنیان بۆ شارە خاچییەکان ڕێوڕەسمی ئاینی خۆیان بکەن و جێگای حەوانەوەیان بۆیان دابینکردووە(رانسيمان،٣،١٩٩٨/٤١٥؛فهمي،١١٨،١٩٧٣؛ smail,1973,57).

لە گرنگترین ئەو بەرهەمە بازرگانی و کشتوکاڵییانەیش لەلایەنە بازرگانە موسڵمانەکانی میسر و شامە هەناردەی بەندەر و بازاڕەکانی شارە خاچییەکان کراوە، لەوانە لەوڵاتی میسرەوە کانزا و قامیشی شەکر و قوماشی کەتان و حەریر هەناردە دەکرا، لە شاری دیمەشقەوە چەک و کەرستەی هەڵکۆڵین لەسەر کانزاکان و قوماشی حەریر هەناردە دەکرا(pernoud,1944,192؛smith,1973,63؛ Goitein,1961,4/174-175)، لەگەڵ ئەوەشدا فەرو لە وڵاتی ڕوسیاوە و حەریری تەبریزی ڕاخەر لە وڵاتی فارس و ئاسیای بچووکەوە هەناردە دەکرا،پاشان بازرگانانی شارە ئیتاڵیەکان ئەم بەرهەمانەیان لە بەندەری خاچییەکانەوە هەناردەی ئەوروپا کردووە(Goitein,1961,4/176؛Conder,1930,332)، واتە خواستی ئەوروپییەکان لەسەر کاڵا و شمەکەکانی ڕۆژهەڵات بوو بەهۆکاری ئەوەی پەیوەندی بازرگانی نێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان گەرم و گوڕتر بێت.

لە بەرامبەردا ئەوروپییەکان کاڵا و شمەک و پێداویستیە جیاوازەکانی وەکو کۆیلە و کەلاوی جەنگی و دار و کانزا کە موسڵمانەکان پێویستیان پێبووە هەناردەی بەندەرەکانی(صور) و عەککا کردووە، پاشان لەوێشەوە ئاراستەی ناوچە وشارە موسڵمانەکان کراوە(Smith,1973,74؛ conder,1930,333-334؛Byrn,1930,161-217-218)، سەرباری ئەو ناوچە و

شارانەی کە خاچییەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو هەموو پێداویستیە ئابوورییەکانی خاچییەکان و وڵاتە ئەوروپییەکانی پڕنەدەکردەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش ڕوویان لە شار و ناوچەی موسڵمانەکان کردووە، ئەمەش هۆکارگەلێکی گرنگ بوو بۆ دروست بوونی پەیوەندی بازرگانی لە نێوان هەردوولادا. باشترین بەڵگەیش لەسەر ئەم پەیوەندییە بازرگانییەی نێوان هەردوولا (ابن جبیر)ە(٦٨٤ک/١٢١٧ز) کە هاوسەردەمی ڕووداوەکان بووە ئاماژەی بەوە کردووە کە هاتووچۆی کاروانەکان لە نێوان میسر و دیمەشق و ناوچە خاچییەکان بەردەوامی هەبووە، هەروەها کاروانەکان لە نێوان دیمەشقەوە بۆ عەککایش نەپچڕاوە، خاچییەکان ڕێگریان لە کاروانە بازرگانییەکان نەکردووە و تەنانەت نارەزایشیان دەرنەبڕیووە. ئەمەش ئەو ڕاستیە بەدەستەوە دەدات سەرباری جەنگ و ناکۆکی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بەڵام کاروانە بازرگانییەکان بەردەوامی هەبیوو، خەڵکی لە کارو چالاکییەکانی خۆیان نەوەستابوون(د.ت، ٢٦٠؛محمود،٥٨، ١٩٩٦).

## تەوەری دووەم: ئاڵووگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان:

ڕوانین و سەرەنجدان لە پەیوەندی سیاسی نێوان خاچییەکان و موسڵمانەکان ڕاستەوخۆ جەنگ و گرژییەکانی نێوانیان دەکرێتە پێوەر بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکانی نێوانیان، بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە لایەنە ئابوورییەکانی نێوانیان بدەینەوە، سەرباری ناکۆکی و جەنگی خوێناوی نێوانیان، بۆ ماوەیەکی کاتی ئاشتەوای دوور لە جەنگ لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، ئەم ئاشتەواییە دەکرێت لە چوارچێوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لەو بوارەدا دەکرێت سەرنجەکانی(ابن جبیر) وەکو نموونە بهێنرێتەوە، کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، سەرباری هەڵگیرسانی ئاگری فیتنە لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان، بەڵام پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نێوانیان جێگای سەرسوڕمانی ناوبراو بووە، هەروەها لەهەمان کاتدا باسی لەوە کردووە:"سەرسوڕهێنەرترین شت لە دونیادا ئەوەیە کەوا کاروانی بازرگانی خاچییەکان دەچوونە وڵاتی موسڵمانەکان و بە پێچەوانەیشەوە، لەلایەکی ترەوە خەڵکی شەڕکەر لەشەڕدا بوون، لەهەمان کاتدا خەڵکی ژیانی بەئاسایی بەسەردەبردو دونیاش بۆ ئەوانە بوو کە سەردەکەوتن"، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەمارگیری ئاینی و جەنگ و دژایەتی نێوانیان هۆکار و ڕێگر نەبووە لە دروست بوونی ئاشتەوای و پێکەوەژیانی نێوانیان(د.ت، ٢٦٠؛حلاق،٢١٨، ١٩٨٦). بۆ خستنەڕووی ئەم ڕاستییەیش دەتوانرێت وەسفی(ابن جبیر) بۆ دوو لە بازرگانە دەوڵەمەندەکان بە نموونە بهێنرێتەوە کە لە ماوەی جەنگی خاچییەکان بە کاری بازرگانییەوە سەرقاڵ بوون، ئەوانیش(نصر بن قوام، ابی در یاقوت)[١٦] بوون و کاری بازرگانیان لەگەڵ خاچییەکان لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کردووە، تەنانەت لەڕێگەی سامانەکانیانەوە چەندین دیلی موسڵمانەکانیان ڕزگار کردووە(د.ت، ٢٨١؛الساحلي،٤٧٣، ٢٠٠٩).

بەوردبوونەوە لە سەرەنجەکانی (ابن جبیر) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێکەوەژیان و تەبایی لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکاندا هەبووە، بەڵگەی ئەم بۆچوونەش گەشتەکەی بوو بۆ شاری تبنین[١٧]، کە لە میانەی ئەو گەشتەیدا وەسفی گوند و ڕێگاکانی ئەم شارەی کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە سەرباری ئەوەی دانشتوانەکەی موسڵمان بوون، بەڵام لەگەڵ خاچییەکاندا پێکەوە بە تەبایی ژیاون بەجۆرێك بەروبوومەکانیان بە یەکسانی لەگەڵ یەکتردا دابەش کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شارە ناوچەی گومرکی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بوو، لەسەر هەر تاکێکیش دینارێک و پێنج قیراتی(صوري) وەکو سەرانە دیاری کرابوو(د.ت،٢٧٣-٢٧٤؛قلعجي،٦١٦، ١٩٩٢). بە وردبوونەوە لە بەندەکانی ئاگربەست و ئاشتینامە و ڕێکەوتننامەکانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان، گرنگی و ڕۆڵی باڵای بازرگانیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر ڕووداوەکانی ساڵی(٥٤٦ک/١١٥١ز) بەهەند وەربگیرێت، لەو کاتەدا بایەخی بازرگانی نێوان هەردوولا بۆ دەردەکەوێت، چونکە لەو ساڵەدا خاچییەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان و ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن ڕوویان لە شاری دیمەشق کردووە(ابن قلانسي،٣١٤، ١٩٠٨).

لە سەردەمی ئەیوبیەکانیشدا(٥٦٧-٦٤٨ک/١١٧٤-١٢٥٠ز) ڕۆڵی کارای بازرگانی بە شێوەیەکی ڕوون بەرچاو دەکەوێت، دەتوانرێت ئاشتنامەی ڕەملەی ساڵی(٥٨٨ک/١١٩٢ز) بە نموونە وەربگیرێت، کە لە نێوان سوڵتان (صلاح الدین الأیوبي) و خاچییەکاندا بەسترابوو، مەرجەکانی ئەم ئاشتەواییە بریتی بوو لە پێدانی ئازادی بە موسڵمانەکان و خاچییەکان لە گەشتکردن بۆ ناوچە جیاوازەکانی یەکتر، تەنانەت سوڵتان لەم ئاشتینامەیەدا داوای ئەوەی کردووە بازرگانی لە وڵاتی شام بۆ میسر پەکی نەکەوێت و گەشتیارەکان گەشت بکەن و کاروانەکان بەردەوامیان هەبێت (الدوادري،٧، ١٩٧٢/١١١؛ابن شداد،٣٤٧، ١٩٦٤-٣٤٨)، ئەم ئاشتینامەیەیش ڕۆڵی لە پەرەسەندن و بەشداربوونی کارای بازرگانان و بازرگانی بینیووە، چونکە لە دوای ئەم ئاشتینامەیەوە ژمارەی بازرگانانی ئەوروپی لە شاری ئەسکەندەریە ڕووی لە زیاد بوون کردبوو(النویري،٢٩، ٢٠٠٤/٥٠؛ هاید،٢، ١٩٩١/٥٥).

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لە سەردەمی مەمالیکیشدا(٦٤٨-٩٢٣ک/١٢٥٠-١٥١٧ز) بازرگانی پێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخداری لە بواری ئابووری

داگیرکرد بوو، ئەم بایەخدانەیش بە پشت بەستن بەو نامەیە ڕوون دەبێتەوە کە سوڵتان(المنصور قلاوون)(٦٧٨-٦٨٩ک/١٢٧٩-١٢٩٠ز) ئاراستەی جێگرەکانی کردبوو، کە داوای لێیان کردبوو بەباشی و یەکسانی مامەڵە لەگەڵ بازرگانانی سەر سنورەکان بکەن(القلقشندي،١٩١٧،١١/٤٢٠-٤٢١؛ الحويري،٢٠٠٢،٢٩٣-٢٩٤). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو کە بازرگانی بزوێنەری سەرەکی بەردەوام بوونی ئابووری هەموو وڵاتێکە، سەرکردە موسڵمانەکان و خاچییەکانیش سەرباری جیاوازی ئاینی و سیاسی و دەمارگیری نێوانیان نەیانتوانی بوو فەرامۆشی ئەم لایەنە بکەن.

## ١- شمەک و بەروبوومی هەنارده و هاوردەکراو:

ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت وڵاتی شام و میسر بە جۆرەها شمەک و بەروبوومی هەمەجۆر دەوڵەمەندبوون، لە ڕێگای پەیوەندییە بازرگانییەکانەوە ئاڵوگۆڕ و هاوردە و هەناردەیان پێوەکراوە،لە سەروبەندی جەنگی خاچییەکاندا داواکاری و خواست لەسەر شمەک و بەروبوومی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن خاچییەکان و ئەوروپییەکانەوە چڕتربوویەوە، ئەگەر تێبینی ناوچە گومرکییەکانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان لەو سەردەمەدا بکرێت، جۆرەها شمەک و بەروبوومی جیاواز وەکو دانەوێڵە و خوێ و قوماشی حەریر و ڕستن و چنین و کلێنس و دارچین و مێخەک و گوێز و بوندق و کونجی و بخوڕ و بۆیە و میوەی جۆراوجۆر و دار و (فخار) کاری دەستی کە لە قوڕ دروستکرابوو بەم ناوچە گومرکیانەدا تێپەڕیبوو(رانسیمان،١٩٩٨،٣/٤١٥،٤١٣،٤١١؛ مایر،٢٠٠٨،٤٢٠؛الأرناؤوط،٢٠١٣،١٧٦؛الشامي،١٩٤٦،٢٠٣). بۆ نموونە ئەگەر ڕووداوەکانی ساڵی(٦٥٩ک/١٢٦١ز) سەردەمی سوڵتان(الظاهر بیبرس)بە نموونە وەربگیرێت، لەم ساڵەدا بەهۆی زۆری ژمارەی جرجەوە بەروبوومی گەنم لەناوچوو، نرخی دانەوێڵە زۆر بەرزبووەوە گرانی هاتەکایەوە، سوڵتانیش لە خاچییەکانی وڵاتی شامەوە هاوردەی گەنمی کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاستی پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکانی لەو ماوە دژوار و پڕ لە جەنگدا خستبووەڕوو (الدوادري،١٩٧٢،٨/٨٥؛ المقريزي، ١٩٩٧ ،١/ ٢٥-٢٦).

ڕووەکی بلسان یەکێکی تر بوو لەو بەروبوومە گرنگانەی کە لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان هاوردە و هەناردەی پێوەکرابوو، ئەم ڕۆنەش لەڕووەکی بلسان بەرهەم دەهێنرا، بەڕێژەیەکی زۆر لە دەورووبەری شاری قاهیرە دەچێنرا،پاشاکانی ڕۆم و خاچییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو داواکاریان لەسەری هەبوو، چونکە بۆ دروست کردنی جۆرەها دەرمانی سروشتی بەکاردەهێنرا، بەهۆی پیرۆزییەکەیەوە بۆ ڕێوڕەسمی ئاینی کڵێسایش بەکارهێنراوە(العمري،٢٠١٠،٢٠/١٧٩-١٨٠؛القلقشندي،١٩١٩،٣/٢٨٧؛سونیا هاو،١٩٥٧،١٦-١٧)، هەروەها لە هەنارده و هاوردەکردنی میوەشدا چەندین جۆری میوەی وەکو لیمۆ و قۆخ و قەیسی و ترێ جۆری جیاوازی میوەی دیکە لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکاندا هاوردە و هەنارده کراوە، ئەگەر خواردنی قەیسی بەنموونە وەربگرێت دەبینین لە ناوچەکانی وڵاتی شامەوە لەڕێگەی بەندەری خاچییەکانەوە هەناردەی وڵاتانی ئەوروپا کراوە، تەنانەت لەلایەن ئەوروپییەکانەوە ناوی خورمای دیمەشقی لێنرابوو، ئەم بەروبوومانەش بەشێکی سەرەکی خواردن و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی دانشتوانی هەردوولایان پێکهێنابوو(ابن الشحنة،١٩٨٤،٢٥٢-٢٥٣؛ابودمعة،١٩٨٨،٢٤٣،-٢٤٨-٢٤٩).

شەکریش یەکێکی دیکە بوو لە سەرەکیترین بەروبوومەکان کە لە بواری هەنارده و هاوردەکردن لە ڕیزی پێشەوەی ئەو بەربوومانە بوون لە بواری پیشەسازیدا گرنگی زۆری پێدرابوو، چونکە خاچییەکان پێشتر هەنگوین و شەربەتی میوەیان وەک سەرچاوەی سەرەکی لە شیرینی و خواردنەوەکاندا بەکارهێنابوو، بەڵام بە نیشتەجێی بوونیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت وڵاتی شام بۆ یەکەم جار ئاشنای شەکر بوون. پاشان لەبەر ئەو بایەخ و سوودە زۆرەی کە هەیبوو گرنگییەکی زۆری لەلایەن خاچییەکانەوە پێدرابوو، لە بەرامبەردا خاچییەکان دەستیان کردبوو بە چاندنی قامیشی شەکر لە نزیکی شاری تەبەریە و نابلس[١٨] ژمارەیەک کارگەی شەکریان لە ناوچە جیاوازەکانی وەکو (عەککا،صیدا،صور) دامەزراندبوو، تەنانەت بە مەبەستی ئاسانکردنی هەنارده و هاوردەکردنی شەکر، خاچییەکان باجیان لەسەر شەکر لابردبوو(یاقوت الحموي،١٩٧٧،١/١٤٧؛کردعلي،١٩٢٦،٤/١٧٤؛ براور،٢٠٠١،٤٣٣-٤٣٤؛الشامي،١٩٨٥،٢٠٢).

بەهارات و تەوابلیش[١٩]یەکێکی تربوون لەو بەروبوومانەی کە ڕۆڵێکی باڵایان لە دروست بوونی پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان تەنانەت ئەوروپییەکانیش هەبوو، چونکە بۆ یەکەم جار لە ماوەی جەنگی خاچییەکان خەڵکی ئەوروپا بەم جۆرە بەروبوومە ئاشنا بوون. لەو سەردەمە مێژوویەشدا ناوچەکانی وڵاتی شام و ڕۆژهەڵاتی دوور ناوبانگی جیهانیان لەم بەروبوومەدا هەبوو، تەنانەت تاکو کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست تەوابل پێگەی یەکەمی لە ڕووی زۆری خواست و گرنگیەوە لەلایەن بازرگانەکانەوە داگیرکرد بوو، چونکە سوودی لە زۆر بواری جیاوازدا هەبوو کە بۆ دروست کردنی خواردن و چارەسەری جۆرەها نەخۆشی لە نەخۆشخانەکان بەکاریانهێنابوو (Thompson 1959,

1/406, 408؛ رانسیمان،٣،١٩٩٨/٤١٥؛ سونیا هاو، ١٩٥٧،٢١، ٤٥،٢٢).

## ٢-ئاڵووگۆڕی جلوبەرگ و کەلوپەل و کەرەستەی ناوماڵ:

کەلوپەل و کەرەستەکانی ناوماڵ ڕۆڵێکی دیاری لە دروست بوونی ئاڵووگۆڕی و پەیوەندی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بینیووە، ئەگەر سەرەنجی گرنگیدانی خاچییەکان بە کەلوپەل و کەرەستە و شێوازی ناو ماڵی موسڵمانەکان بخرێتەڕوو، بایەخ و سەرسامی خاچییەکانمان بەرامبەر کەلوپەل و کەرەستەی ناوماڵی موسڵمانەکان بۆ دەردەکەوێت، دەتوانرێت داواکاری دەسەڵاتدارە خاچییەکان وەکو مەلیک و سەرکردەکانیان بە نموونە وەربگیرێت، کە داوایان لە پیشەوەرە موسڵمانەکانی وڵاتی شام کردووە، کەلوپەل و کەرەستەکانیان بە گەوهەر و زێر و بەردی گران بەها بۆ دروست بکەن، نموونەی ئەم داواکارییەش ئەو حیجابە بوو کە بە یاقوت نەخشێنرابوو، لەساڵی(٦٦٤ک/١٢٦٦ز) لە شاری عەککا دۆزرایەوە(Ray,1883,230) هەروەها دەتوانرێت داواکاری خاچییەکان لەسەر ئەو کەلوپەلانەی لە وڵاتی میسرەوە هاوردەیان کردووە بە نموونەیەکی باڵا ببینین کە نرخی ئەم کەلوپەلانە هەندێک جار دەگەشتە سەد دیناری ئاڵتونی(ابن ظهیرة،١٩٦٩،٥٣-٥٤؛ابن زولاق،١٩٩٩،٥٧).

لە ڕوانگەیەکی ترەوە ئەو ئافرەتە خاچییانەی کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت وڵاتی شام نیشتەجێ بوون، هاوشێوەی جلوبەرگی موسڵمانەکانیان پۆشیووە و خواستی زۆریان لەسەر ئەو جۆرە جلوبەرگ و قوماشانە بووە، ئەگەر تێبینی جلوبەرگی ئافرەتە خاچییەکان لەو سەردەمەدا بکرێت، دەرکەوتووە جۆرەها قوماشی بەنرخ و گرانبەهایان لە ڕیشە و پەڕ و خوری و حەریری لە جۆری(خز،الديباج) بەڕەنگی سەرەنج ڕاکێش و هەندێکی دیکەشیان بە چنراوی ئاڵتون و گەوهەر لەبەرکردووە، تەنانەت مەلیکی خاچییەکان(لویس التاسع)[20] کە بە(القديس لويس)(٦٢٢-٦٦٨ک/١٢٢٦-١٢٧٠ز) ناسرابوو، زۆر سەرسامی جۆری قوماشی قەدیفەی بوو، داوای کردووە سەد پارچە قوماشی ڕەنگا و ڕەنگی لە شاری(طرطوس) بۆ بکڕدرێت، کە گەڕایەوە بۆ وڵاتی فەڕەنسا بەسەر قەشەکاندا دابەشی کردووە(جوانفيل،١٩٦٨،٩٥،٣٢؛حلاق،١٩٨٦،٢٢١؛يوسف، ١٩٧١،٧٩،٥٨). ئەگەر سەرەنج لە هاوردەکردنی خاچییەکان بۆ ئەم جۆرە جلوبەرگ و قوماشانە بدرێت، دەبینرێت کە کارگەکانی ناوچەکانی وڵاتی شام و میسر بە تایبەت شارەکانی دیمەشق و قاهیرە و (طرطوس) ناوەند و بازاڕی سەرەکی ئەم قوماش و جلوبەرگە جیاوازانە بوون، بەهەمان شێوەیش لە وڵاتەکانی ئەوروپاوە کەلوپەلی لە پێستە دروستکرا و کلێنسی حەریری چێنراوی بوندقی و فەرو جۆرەها جلوبەرگ و کەلوپەلی تر هەناردەی بەندەرە خاچییەکان کراوە، پاشان لەوێوە ئاراستەی ناوچە جیاوازەکانی شام و میسر کراوە(جوانفيل،١٩٦٨،٢٦١؛هايد،١٩٨٥،١/١٩٠؛محمود، ١٩٩٦،٥٧).

لەژێر ڕۆشنای ئەم باسەدا پیاوانی ئاینی کڵێسایش بۆ جوانکاری و نەخشاندنی ئامێر و کەرەستەکانی ناو کڵێسا داواکاریان لەسەر کەلوپەل و کەرەستەکانی موسڵمانەکان هەبووە، دەتوانرێت ئەو دوو خاچە گەورەی ناو کڵێسای خاچییەکان و ئەو ژمارە قاپ و قاچاخ و گۆزە پیرۆزانەی کڵێسا بە نموونە وەربگریرێت، کە لە زیو و زێڕ و بەردی گرانبەها دروستکرابوو(Ray,1883,232)، مۆم و قاپ و قاچاخی بەمس داپۆشراویش دوو لەو کەرەستە گرنگانە بوون کە خواستێکی زۆریان لەسەر بوو بەتایبەت مۆم، چونکە لەلایەن حاجییە مەسیحییە خاچییەکانەوە لە کاتی حەج کردن و سەردانی کردنی شاری قودس بەزۆری بەکاریان هێناوە، ئەم قاپ و قاچاخ

و مۆمانەش بە زۆری لە شاری دیمەشق دروست کرابوو، خاچییەکان لەم شارەوە هاوردەی شار و ناوچە جیاوازەکانی خۆیان کردووە، ئەم کەرەستانەیش زیاتر بۆ ڕازاندنەوە و ڕووناک کردنەوەی ماڵ و کۆشک و کڵێساکانیان بەکاریانهێنابوو(Ray.1883,249-250؛محمود،١٩٩٦،٦٠).

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو کەلوپەل و کەرەستە بەنرخانە بکرێت، کە سوڵتان و سەرکردە و مەلیکەکان وەکو دیاری بۆ یەکتریان ناردووە، دەتوانرێت دیارییەکەی سوڵتان(صلاح الدين الأيوبي) لە ساڵی(٥٨٨ک/١١٩٢ز) بۆ کۆنتی خاچییەکان بەناوی(هنري دي شامبين- Henri II deChampagne)[21](٥٨٦-٥٩٣ک/١١٩٠-١١٩٧ز) بە نموونە وەربگیرێت، کە عەمامە(کڵاو) و پاڵتۆی وەک دیاری بۆ کۆنتی خاچییەکان ناردووە، کۆنتی خاچییەکانیش لە بەرامبەردا وەڵامی سوڵتانی بە زوبانێکی پڕ لە ڕێز و سوپاسگوزاری داوەتەوە، ئاماژەی کردووە بەوەی کە ئێمەی خاچییەکان ئەم جۆرە عەمامە و پاڵتۆیە لەبەرناکەین، بەڵام لەبەر ڕێزی تۆ لەبەری دەکەین، ئەم جۆرە جلوبەرگانەیش بە زۆری خەڵکی شاری عەککا بەکاریان هێناوە (زکار،٣،١٩٩٣/٤٠١). لە ڕووداوەکانی ساڵی(٥٨٨ک/١١٩٢ز) کاتێک میری شاری ئەنتاکیا بەناوی(بوهيميند الثالث- Bohemond III) (٥٥٨-٥٩٧ک/١١٦٣-١٢٠١ز)، سەردانی سوڵتان(صلاح الدين الأيوبي) کردووە، سوڵتان ڕێزی زۆری لێناوە، چوارده ئەسپ و پاڵتۆیەکی وەکو دیاری پێبەخشووە. هەموو ئەم نموونانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە دەسەڵاتدارە موسڵمانەکان و خاچییەکان وەکو ڕێزێک و پیشاندانی تەبایی و دۆستاییەتی دیاری بەنرخ و گرانبەهایان ئاراستەی یەکتر کردووە، ئەو

دیاریانەیش زۆربەی کاتەکان خۆی لە جۆرەها کەلوپەل و کەرەستەی جۆراوجۆر بینییەتەوە (Ray,1883,12-13؛صبرە،١٩٨٣، ١٧٤).

**٣-کانزا:**

کانزایش لەو ماددانە بوو کە جێگای بایەخ و پێویستی بازرگانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بوو، بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی موسڵمانەکان بوو، بە کانزای جۆراوجۆر بەناوبانگ بوو، نموونەی ئەو کانزایەی کە ئاڵوگۆڕی پێوەکراوە و خواستی زۆری ئەوروپییەکان و خاچییەکانی لەسەر بووە، بریتی بوو لە کانزای(شب)[٢٢](العمري،٢٢،٢٠١٠/١٦٣-١٦٤)، ئەم کانزایەیش داواکاری زۆری لەسەر بوو بەهۆی باشی و بەناوبانگی جۆرەکەی و ئەو سوودە زۆرەی کە هەیبوو، چونکە بۆ بۆیەکردنی کەلوپەل و جێگرکردنی ڕەنگەکەی بەکاریان هێناوە، ئەگەر (ابن مماتي) بە نموونە بهێنینەوە لە وەسفی ئەم کانزایەدا دەڵێت:" کانزای شب بۆ زۆر پێویستی جیاواز وەکو بۆیەکردن لەوانەش ڕەنگی سور بەکارهێنراوە" (١٩٩١،٣٢٨). هەروەها(ابن مماتي) ئاماژەی بەنرخی ئەم کانزایە کردووە، کە بەهای فرۆشراوی ئەم کانزایە بە بازرگانە خاچییەکان لە ساڵی(٥٨٥ک/١١٨٩ز) گەیشتووەتە سیازدە هەزار قنتار[٢٣](ابن مماتي،١٩٩١،٣٢٨-٣٢٩؛مایر،٢٠٠٨،٣٢٠).

کانزای نیترون[٢٤] یەکێکی تر بوو لەو مادە کانزایانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەوە قۆرخ کرابوو، لە ناوچە ستراتیجییەکانی وڵاتی میسر بۆ ئەسکەندەریە گوازراوەتەوە، پاشان بەهۆی بەنرخییەکەیەوە لە کۆگاکانی سوڵتان خەزن کرابوو(ابن مماتي،١٩٩١،٣٣٤؛القلقشندي،١٩١٤،٣/٢٨٧-٢٨٨؛المقريزي،١٩٩٨،١/٢٠٥) تەنانەت کرداری کڕین و فرۆشتنی ئەم کانزایەیش لەلایەن بازرگانە ئیتاڵی و خاچییەکان خواستی زۆری لەسەر بوو، لەڕووی نرخیشەوە بەهای کانزای نیترونی فرۆشراو لە ساڵی(٥٨٥ک/١١٨٩ز) گەیشتە پازدە هەزار و پێنج سەد دینار، لە ساڵی دواتریش گەشتە حەوت هەزار و هەشت سەد دینار، واتە نرخەکان جێگر نەبووە گۆڕانگاری بەسەردا هاتووە(المقريزي،١٩٩٨،١/٢٠٥).

**٤-کەلوپەل و کەرەستەی سەربازی:**

سەرەنجدان لە پەیوەندی سیاسی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان لەو ماوە مێژووییەدا، ڕاستەوخۆ هەست بەوە دەکرێت کە پەیوەندی سیاسی نێوانیان پشێوی و جەنگ باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام سەرباری ئەم پەیوەندییە دژوار و ناکۆکیەی نێوانیان، سەرەکیترین کەلوپەل و کەرەستەی سەربازی کە سەرچاوەی دروست بوونی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی نێوانیان بوو، بریتی بوو لە چەک. هەرچەندە هەریەکە لە مێژوونووسانی وەکو(المقريزي، ياقوت الحموي) ئاماژەیان بە ڕێگە پێدان و ڕەفتاری فەرمانڕەوای شاری دیمەشق مەلیک(صالح الأسماعيل)[٢٥](٦٣٦-٦٤٢ک/١٢٣٩-١٢٤٥ز) کردووە، کە ڕێگەی بە خاچییەکان دابوو، کەرەستەی جەنگی لە بازاڕەکانی شاری دیمەشق بکڕن، بەڵام لێرەدا هەریەکە لە نووسەران ئاماژەیان بە جۆری کەرەستە و کەلوپەلی جەنگیان نەکردووە، هەروەها ئاماژەشیان بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکانی بازرگانییەکە نەکردووە (ياقوت الحموي،١٩٧٧،٢/٤٤؛المقريزي،١٩٩٧،١/٤٠٧؛ قاسم،٢٠١٠،١٢٩).

ئەگەر ووردبیینەوە لە سەردەمی مەمالیکەکان بەهەمان شێوە مێژوونووسان ئاماژەیان بە پەیوەندی و ئاڵووگۆڕی بازرگانی بە کەرەستەی سەربازی نێوان هەردوولا کردووە. لێرەدا ووتەکانی(جوانفيل) کە خۆی هاوسەردەمی ڕووداوەکان بووە لە نوسراوەکانیدا ئاماژەی بەم پەیوەندییە بازرگانییە کردووە، کە خاچییەکان مامەڵەیان بە کەلوپەل و کەرەستەی سەربازییەوە کردووە لە ناوچەکانی وڵاتی شام، لێرەدا نووسەر ئاماژەی بە مەلیک(لويس التاسع)کردووە کاتێک ویستوویەتی لە شاری عەککا بمێنێتەوە بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی خاچییەکان، مەلیک یەکێک لە پیشەوەرانی چەکی بەناوی(جون الأرمني) بۆ شاری دیمەشق ناردووە بەمەبەستی کڕینی چەندین کەرەستە و ئامێری پێویست بۆ دروستکردنی چەک. نووسەر(جوانفيل) وەکو هەمان نووسەرانی پێشتر کە باسیان لە ئاڵووگۆڕی بازرگانی بە کەرەستەی جەنگی نێوان ئەیوبییەکان و خاچییەکان کردووە، بەڵام ئەم نووسەرەیش هیچ ئاماژەیەکی بە جۆری بازرگانیەکە و کەرەستە سەربازییەکان نەکردووە، بۆیە تەنیا ئاماژەی بەو مادانە کردووە کە کەرەستە سەربازییەکانی لێ دروست دەکرێت(جوانفيل،١٩٦٨،٢٠١-٢٠٢؛محمود،١٩٩٦،٥٨).

هەر لەسۆنگەی ئەم ڕووداوانەدا، هەرچەندە هەندێک لە نووسەران باسیان لە مامەڵەی بازرگانی بە چەکەوە کردووە لە سەردەمی خاچییەکاندا، وەکو ئاماژەمان پێدا بەهیچ جۆرێک باسیان لە جۆر و شێوازی بازرگانییەکە نەکردووە، بۆ پێشت ڕاستکردنەوەی ئەمەش ڕووداوەکانی ساڵی(٦٨٧ک/١٢٨٨ز) شاری دیمەشق بە بەڵگە دێنینەوە، کاتێک باس لەوە دەکرێت کە جێگری سوڵتان(المنصور قلاوون) بە ناوی میر(علم الدين سنجر شجاعي)[٢٦](ابن تغري بردي،١٩٩٠،٦/٨٠)، کۆمەڵێک ڕم و چەک و تەقەمەنی سوڵتانەکانی بە خاچییەکان فرۆشتووە، کاتێک سوڵتان بانگهێشتی کردووە بۆ لێپرسینەوە ئەویش نکۆڵی لە کارەکەی نەکردووە و ووتوویەتی:"من ئەو ڕم و چەکانەم پێدان کە تێکچووە دوو ئەوەندەی بەهاکەی خۆی پارەم لێوەرگرتوون، بەرژەوەندیش لەوەدایە کە خاچییەکان بزانن ئێمە چەکمان هەیە، سوڵتانیش بەم کارەی ڕازی بوو"(المقريزي،١٩٩٧،٢/٢٠٣-٢٠٤). ئەم نموونەیش

بەڵگەی ئەو ڕاستیە دەردەخات کە موسڵمانەکان بازرگانیان بە کەرەستەی جەنگی وەکو چەک نەکردووە لەگەڵ خاچییەکاندا، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە میری موسڵمانەکان لە پێناو بەرژوەندی موسڵمانەکان ئەم کارەی کردووە، نەوەکو لە پێناو بەرژوەندی ئابووری، هەروەها ئەمەش ئاماژەیە بە نەبوونی بەردەوامی پەیوەندی بازرگانی بە کەرەستەی جەنگی لەنێوان هەردوولادا.

هەموو ئەمانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە مامەڵە و ئاڵووگۆڕ بە کەلوپەل و کەرەستەی جەنگی بابەتێکی هەستیار بوو. هەرچەندە مێژوونووسان باسیان لە ئاڵووگۆڕی بازرگانی بە کەرەستەی جەنگی لە نێوانیاندا کردووە، بەڵام ئەم جۆرە بازرگانییە وەکو جۆرەکانی دیکەی بازرگانی لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان نەبووە، وەکو ئەوەی کە هەردوولا ڕەزامەندیان لەسەر دابێت، بۆیە دەکرێت ئەم جۆرە بازرگانییە لە نێوان کۆمەڵێک یاخود دەستەیەک لە بازرگانان لە پێناو بەرژوەندی ئابووری بوو بێت. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستییە ئەو بڕیارە بوو کە پاپا(اليكساندر الثالث)(٥٥٤-٥٥٧ک/١١٥٩-١١٨١ز) لەشاری ڕۆماوە لەساڵی (٥٧٥ک/١١٧٩ز) دەریکردووە، بڕیارەکەشی خۆی لە قەدەغەکردنی بازرگانی بە چەک و دار و ئاسن لەگەڵ موسڵمانەکان بەرجەستە کرد بوو، ئەو کەسانەشی سەرپێچی ئەم یاسایەیان کردبێت توشی سزادان دەبوونەوە، لە بەرامبەردا بازرگانەکانی شارە ئیتاڵییەکان و خاچییەکان داکۆکیان لە مافی خۆیان کرد، پابەندی بڕیارەکەی پاپا نەبوون(هايد،٢،١٩٩١/٣٧-٣٨؛Stantchev,2014,45؛ Raab,1973,85).

## تەوەرەی سێیەم: ئەنجامەکانی پەیوەندییەکانی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان

پەیوەندی بازرگانی و ئاڵووگۆڕکردن و هاوردە و هەناردەکردنی کاڵا و شمەکەکان، چەندین دامەزراوەی بازرگانی و پیشەوەری هێنایەکایەوە، ئەم دامەزراوانەیش کارەکانیان بۆ خزمەتی ئەو چین و توێژە جیاوازانە بوو کە ڕوویان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات کردبوو نموونەی ئەمانەیش وەکو:

### ١-کاروانسەراکان(خان):

کاروانسەراکان ئەو دامەزراوە ئابوورییانە بوون بۆ مەبەستی پشوودان و مانەوەی بازرگانەکان و گەشتیارەکان کە سەردانی شوێنە پیروزەکان دەکرد لەگەڵ شاندی وڵاتەکان کە دەهاتن دروست کرابوو، ئەگەر لە ڕووی شێوازی دروست کردنەوە وەسفی ئەم کاروانسەرایانە بکرێت، بریتی بوون لە بینایەکی گەورە کە لە دوو نهۆم و حەوشێکی گەورەی پێکهاتبوو، بەشی ژێر زەمینی شوێنی هەڵگرتنی کاڵا و شمەک و بەروبوومەکان بوو، بەشی سەرەوەیشی جێگەی حەوانەوە و پشوودان بووە، ئەو خەڵکانەیشی کە لە کاروانسەراکان دادەبەزین سەلامەتی و ئازادیان پارێزراو دەبوو(القزويني،د.ت،١٢٤؛الحنبلي،١،١٩٧٣/٤٠٢؛ Pernoud,1948,46).

ئاوڕدانەوەش بۆ سەردەمی زەنگی و ئەیوبی و مەمالیکەکان بایەخ و گرنگیدانی موسڵمانەکانمان لە بارەی دروست کردنی ئەم کاروانسەرایانە بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە بەڕوانین بۆ سەردەمی(نورالدين محمود الزنكي)(٥٤١-٥٦٩ک/١١٤٩-١١٧٤ز) بایەخ و گرنگی بواری بازرگانیمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە بەمەبەستی پاراستنی ڕێگاوبانە بازرگانییەکان لە چەتە و خراپەکاران فەرمانی کردووە بە دروست کردنی کاروانسەرایەک بە درێژای ئەو ڕێگە بازرگانییانەی کە وڵاتی شامی بەیەکەوە دەبەستەوە(ابن عساكر،١٩٩٧،٥٧/١٢١؛ابن واصل،٢،١٩٥٧/٢٨٣؛حافظ النقر،٢٠٠٦،١٣٢). هەروەها(ابن جبير) خۆی بە شاری عەککادا تێپەڕیووە لە یەکێک لە خانەکانی ئەم شارە دابەزیووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم شارە کاروانسەرایەک بووە بۆ دابەزینی کاروانەکان، لەبەردەم دەرگای ئەم کاروانسەرایە نووسەری دیوان هەبووە(د.ت،٢٧٣،٢٧٤). لەلایەکی دیکەوە(الحنبلي)(٩٢٨ک/١٥٢٢ز) ئاماژەی بە کاروانسەراکانی شاری قودس کردووە، وەکو کاروانسەرای(الصرف) کە لە سەردەمی ئەیوبی و مەمالیکەکاندا بۆ کرداری دراو گۆڕینەوە تایبەت کرابوو(١،١٩٧٣/٤٠٢-٤٠٣؛حافظ النقر،٢٠٠٦،١٣٢).(المقريزي)(٨٤٥ک/١٤٤٢ز) لە ڕووداوەکانی ساڵی(٦٦١ک/١٢٦٣ز) باسی سەردەمی سوڵتان(الظاهر بيبرس) کردووە، کە سوڵتان فەرمانی بە بنیاتنانی کاروانسەراکان لە دەرەوەی شاری قودس کردووە(١،١٩٩٧/٥٥٦).

**٢-دراوەکان:** دراو لە سیستەمی دارایی ڕۆڵی بنچینەی و کارای لە مامەڵەی بازرگانیدا دەبینێت، ئەگەر سەرەنجی هاتنی خاچییەکان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت وڵاتی شام بدرێت، تێبینی ئاستەنگی دارایی لەبەردەمیاندا بەرچاو کەوتووە، چونکە خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات مامەڵەیان بە دراوی تایبەتی خۆیانەوە کردووە، خاچییەکانیش ناچار بوون بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان مامەڵە بەو دراوانەوە بکەن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و موسڵمانەکان بە تایبەتی جێگای ڕەزامەندی بووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگەیش خاچییەکان دراوێکیان بە ناوی(البيزنت) یاخود(صوري) هاوشێوەی دراوی موسڵمانەکان لە سکەدا، ئەم دراوەیش هاوشێوەی دیناری ئاڵتونی فاتمییەکانی سەردەمی خەلیفە(المستنصر بالله)[٢٧]بووە(٤٢٧-٤٨٧ک/١٠٣٦-١٠٩٤ز)(Lavoix,1877,40؛

Schlumberger 1877, 131,139؛النبراوي،٢٠٠٤،٢٦-٢٧).

ئەو دراوەی خاچییەکان لە ڕۆژهەڵات بەکاریانهێنابوو جێگای ڕەزامەندی پاپا و مەلیکە خاچییەکان نەبوو، چونکە ناوی پێغەمبەری ئیسلام محمد دروودی خوای لەسەر بێت و سوڵتانە موسڵمانەکان و شەهادەتی یەکتاپەرستی ئیسلامی لەسەر نووسرابوو، لە بەرامبەر ئەم کارەدا پاپا بەیاننامەیەکی لەساڵی(٦٥٠ک/١٢٥٣ز) بڵاوکردەووە، لە دەقەکەیدا باسی ئەوەی کردبوو سزای هەموو ئەو کەس و بازرگانانە دەدات کە مامەڵە بە دراوی ئیسلامییەوە دەکەن، یاخود هاوشێوەی دراوی ئیسلامی لە سکە دەدەن، بە تێپەڕبوونی کات لەسەر داواکەی پاپا خاچییەکانی ڕۆژهەڵات دراوی نوێیان لە سکەدا، کە دەستەواژەی(تثلیثی) مەسیحی و وێنەی خاچێکی گەورەی لەسەربوو. دراوە نوێیەکە بە زمانی عەرەبی لەسەری نووسرابوو، تاوەکو موسڵمانەکان هەست بە گۆڕانکاری لەناکاو نەکەن، ئەم پێشنیاز و گۆڕانکارییەش بە ئامانجی ئابووری بوو نەک ئاینی(٦٤٩-٦٥٢ک/١٢٥١-١٢٥٤ز) (Balog,Yovn,1958,156؛الجوهري،٢٠٠٨،٢٤٢؛الساحلي،٢٠٠٩،٣٨٢).

لە ڕوانگەی بایەخی دارایەوە پیشەی دراوگۆڕەکان بەرێژەیەکی بەرچاو دەرکەوت، ئەرکی ئەم کەسانەیش گۆڕینەوەی دراوە جیاوازەکان بوو، بە تایبەت حاجییە مەسیحیەکانی ئەوروپا یاخود بازرگانەکان کە دەهاتنە وڵاتەکانی شام و میسر، چونکە بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارەکانیان پێویستیان بە گۆڕینەوەی دراو هەبوو. بەم شێوەیە ڕوویان کردە لای دراوگۆڕەوەکان و دراوەکانی خۆیان دەگۆڕییەوە، جێگای ئاماژەیە شوێنی دراوگۆڕەکان بە زۆری لە کۆتایی بازاڕەکاندا بوو(الحنبلي،١٩٧٣،١/٤٠٣؛Smith 1973, 80؛بوس،٢٠١٠،٢٥٢).

## ٣-پیشەی دەڵاڵی یاخود(سمسار):


یەکێک لەو پیشە و کارانەی لە دێر زەمانەوە لە کاتی مامەڵە بازرگانییەکاندا پشتی پێ بەستراوە، بریتی بوو لە پیشەی دەڵاڵی، ئەرک و کاری سەرەکی ئەم کەسانەیش ڕێنمایکردنی بازرگانەکان بوو بۆ باشترین ڕێگای فرۆشتن و دەستنیشانکردنی گونجاوترین شوێنی بازاڕکردن بۆ کاڵا و شمەکەکانیان، واتا ڕۆڵی نێوەندگێریان لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا بینیووە، پیشەی ئەم کەسانەیش جێگای باوەڕ و متمانەی بازرگانەکان بوون، لە بەرامبەر کارەکانیاندا دەسکەوتیان وەرگرتووە(الشیزري،١٩٤٦،٦٤؛ابن منظور،د.ت،٤/٢٤٩،١١).

## ٤-زمان و پیشەی وەرگێڕەکان(موثقین):

زمان هۆیەکە بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، لەو بوارەدا وەرگێڕەکان ڕۆڵی باڵا و چالاکیان لە مامەڵە و پەیوەندییە بازرگانییەکان بینیووە، ئەم وەرگێڕانە چەند پێوەرێکیان بۆ کار و پیشەکەیان هەبوو، یەکێک لەو پێوەرانە شارەزابوون بوو لە زمانە جیاوازەکانی وەکو عەرەبی و ئیتاڵی و فەڕەنسی و فارسی و چەندین زمانی دیکە. ڕۆڵێکی تری ئەم وەرگێڕانە واژووکردن بوو لەسەر ئەو کاڵا و شمەکانە بوو کە ئامادەبوون بۆ گواستنەوە، هەروەها لە کاتی ئامادەکردنی ئەو ڕێکەوتننامانەی لە نێوان بازرگانەکاندا مۆردەکرا پشت بەم وەرگێڕانە بەستراوە، تاکەکانی ئەم چینەیش لە بەرامبەر کارەکانیاندا دەسکەوتیان دەست دەکەوت (mas latrie,1866,88,92؛ صبره،١٩٨٣،١٥٥،٢٩٠).

ئەنجامی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی و سیاسی نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکان بە ڕوونی لەسەر زمان ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەوە هەبووە کە موسڵمانەکان و خاچییەکان فێری زمانی یەکتری بوون، ئەگەر ڕێژەی گرنگی دانی خاچییەکان بە زمانی عەرەبی بخەینەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت کە خاچییەکان چەندین ووشەیان لە زمانی موسڵمانەکانەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە وەکو بازاڕ(سوق-Bazar)، گۆزە(جرة-Jar)، مەی (کحول-Alcohol)، دیوان(Divan)، (قطن-cotton)(بیرین،١٩٩٦،١٤٠؛هونکە،١٩٩٣،١٧-١٨). کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا بەکاردەهێنرێت، بەهەمان شێوە موسڵمانەکانیش کاریگەری زمانی خاچییەکانیان بەسەرەوە دیار بووە، دەتوانین نوسینی ئەو مێژوونووسانەی کە لەو سەردەمە ژیاون وەکو نموونەیەکی زیندوو لەسەر ئەم دۆخە بخەینەڕوو، لەو مێژوونووسانەش وەکو(اسامة بن منقذ)(٥٨٤ک/١١٨٨ز) کە وشەی (ترکبولی-Turcopole)،(والداما-madam)ی خاچییەکانی لە نوسینەکانیدا بەکارهێناوە(١٩٣٠،٥١-١٣٧؛حسین،٢٠٠٦،٧٧)، هەروەها (ابن شداد)یش(٦٣٢ک/١٢٣٤ز) وشەی(الترم-Term)ی بەکارهێناوە (١٩٦٤،٢٦١-٢٦٢؛حسین،٢٠٠٦،٧٧).

## پاشکۆ:نەخشەکان




نەخشەی هەڵمەتی دووەمی خاچییەکان بۆ سەر وڵاتی شام
www. wikipedia.org




نەخشە ناوچە و بەندەر خاچییەکان لە وڵاتی شام
www.explorethemed.com

## ئەنجام

١- پاڵنەری ئابووری بە یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکان دادەنرێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بۆیە لێرەدا بەهەمان شێوە لە جەنگی خاچییەکان و موسڵمانەکان پاڵنەری ئابووری هۆکاری سەرەکی جەنگەکە بووە، ئەگەر چی ئاماژەیان بەهۆکاری ئاینی کرادووە، هەروەکو پاپا(اوربان الثاني) لە وتارەکەیدا باسی لەوەکردووە، بەهۆی بەشداری کردنیان لە هەڵمەتی خاچییەکان بۆ سەر شاری قودس، کە فیردەوسی خۆشییەکانە، مەسیحییەکان چێژ لەو خۆشییانە وەردەگرن.

٢- ئەو مێژووە دوور و درێژە جەنگییە پڕ خوێناوییەی کە لە نێوان موسڵمانەکان و خاچییەکاندا هەبوو، بەڵام ڕێگری نەکردووە لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندی بازرگانی لە نێوان هەردوولا، ئەمەش بەهۆی پێداویستی هەردوولا بە کاڵا و شمەکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر.

٣- ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی لە هەر شوێن و ناوچەیەکی مێژوویدا کاریگەری دەبێت لەسەر گواستنەوەی کەلتوور و نەریت بەسەر ناوچەکانی یەکترەوە، بۆیە ئەم پەیوەندییە ئابوورییەیش لە نێوان موسڵمان و خاچییەکان بەدەر نەبوو لە و گواستنەوە کەلتوور و نەرێتیە، بۆ نموونە لە بواری جلوبەرگ، نەرێت یاخود شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا.

٤- پەیوەندی ئابووری و جموجۆڵی بازرگانی لەهەر شوێنێکدا دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندی ئابووری ئەو ناوچانە. دەسەڵاتداری موسڵمانەکان و خاچییەکان گرنگیان بەم لایەنە داوە، هەوڵی پەرەپێدانیان داوە، ئەمەش لە ئەنجامدا بووەتە هۆی گواستنەوە و ئاشنابوونی هەردوولایان بە جۆرەها بەربووم و کاڵا و شمەکی یەکتر.

## پەراوێزەکان

١-تەرابلس: شارێکە لە وڵاتی شام دەکەوێتە سەر دەریای ناوەراست، نێوان شاری تەرابلس و شاری دیمەشق نۆ میلە (ابو الفداء،٢٥٣،١٨٤٠).

٢-ئەنتاکیا: شارێکی گەورەیە لە بەشی باکوور لە کەناراوەکانی وڵاتی لوبنان، پێنج چیا و قەڵا لە ناویدایە، ڕووباری عاسی و ڕەش بە دەرەوەیدا تێدەپەڕی(ابو الفداء،٢٥٧،١٨٤٠؛فيز،٤٨،١٩٨٤).

٣-(صور): شارێکی بەناوبانگە لە وڵاتی شام دەکەوێتە سەر دەریا ناوەراست(ياقوت الحموى،١٩٧٧،٣/٤٣٣).

٤-تەبەریە: شارێکە لە نزیکی دیمەشق، دەڕوانێتە سەر دەریاچەی تەبەرییە، دەکەوێتە لێواری چیاییەکەوە(القزويني،د.ت،٢١٧).

٥-(طرطوس): شارێکە لە وڵاتی شام دەکەوێتە سەرکەناری دەریای ناوەراست، نزیکی قەڵای مەرقەب و شاری عەککایە(ياقوت الحموي،١٩٧٧،٣/٣٠).

٦-ڕوها: ئەم شارە لە نێوان موسڵ و شامدابوو نێوانیان شەش فەرسەخە کە دەکاتە سی وشەش کیلۆمەتر، چەندین کڵێسای مەزنی تێدایە لەگەڵ سێسەد هەزار دێری مەسیحی(ياقوت الحموي،١٩٧٧،٣/١٠٦؛ابو الفداء،٢٧٧،١٨٤٠).

٧-لازقیە: شارێکی بەناوبانگە لە کەناری دەریای ناوەراست، یەکێکە لە بەندەرەکانی وڵاتی شام، هەشت یان دوو ترێت چل میل لە شاری ئەنتاکیەوە دوورە(ابو الفداء،٢٥٧،١٨٤٠).

٨-یافا: یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی فەلەستین، دەکەوێتە سەر کەناراوەکانی دەریای ناوەراست، لە کۆنترین بەندەرەکانی جیهانە کە کەنعانییەکان بنیاتیان نابوو(ياقوت الحموي،١٩٧٧،٥/٤٢٦).

٩-(صیدا): شارێکە لەسەر کەنارەکانی دەریای ناوەراست، سەر بە شاری دیمەشقە(ياقوت الحموي،١٩٧٧،٣/٤٣٧).

١٠-(الإسبتارية)يان(الهسبتاليين): تایفەییەکی ئاینی سەربازی بوون، سەرەتا لە نەخۆشخانەیەکی نزیکی کڵێسای(القيامة) لە شاری قودس کاریان کردبوو، ئەم نەخۆشخانەیەش بۆ چاودێری ئەو هەژار و حاجییانەی کە لە ئەوروپاوە بۆ سەردانی گۆڕی قودس دەهاتن تایبەت کرابوو، پاشان گۆڕان بۆ دستەیەکی جەنگی ئاینی. بە شێوەیەکی ڕەسمی دامەزراندنی ئەم سوارچاکانە بۆ ساڵی(٤٩٣ک/١٠٩٩ز)دەگەڕایەوە، بە تایبەت دوای دەست گرتن خاچییەکان بەسەر قودسدا ڕۆڵی باڵایان لە جەنگی خاچییەکان دژ بە موسەڵمانەکان بینی بوو(سميث،١٣٢،١٩٨٩،٦٨؛الحناوي،١٠٤،٢٠٠٤،١٠٣).

١١-(عثليث): قەڵایەکە لە کەنارەکانی وڵاتی شام بە قەڵای سوریش ناسراوە(ياقوت الحموي،١٩٧٧،٤/٨٥).

١٢-ڕاوندان: قەڵایەکی پتەوە لە دەورووبەری شاری حلب(یاقوت الحموي،٣،١٩٧٧/١٩).

١٣-تەل باشر: قەڵایەکی پتەوە لە باکووری شاری حەلەب نێوان قەڵاکە و شاری حەلەب دوو ڕۆژە، خەڵکەکەی بە زۆری مەسیحی و ئەرمەنی بوون(یاقوت الحموي،٢،١٩٧٧/٤٠).

١٤-ئیلە: یەکێک بوو لە بەندەرە گرنگەکانی باکوری دەریای سور، وەکو ناوەندێکی گرنگ ڕۆڵی لە گەیاندنی ڕێگای پەیوەندی نێوان وڵاتی میسر و شامدا هەبوو، کلیلی دەریای سوور و ڕێگای حاجییەکانی میسر و باکوری ئەفریقیا بوو حیجاز و شوێنە پیرۆزەکان(یاقوت،١،١٩٧٧/٢٩٣؛القزويني،د.ت،١٥٣).

١٥-(ارناط): یەکێک بوو لە سوارچاکە فەرەنسییەکان لە سوپای(بلدوین الثالث) خزمەتی کردووە، دەستی بەسەر هەردوو قەڵای(الكرك،الشوبک) گرتووە، چەندین جار ڕێکەوتن و ئاگربەستی لەگەڵ موسڵمانەکان شکاندووە، کە لەجەنگی حەتیندا بەدیلگیرا لەسەر دەستی سوڵتان(صلاح الدين الأيوبي)کوژرا(الصوري،٣،١٩٩٤/٣٥٦؛ابن خلكان،٧،١٩٧٨/١٧٥).

١٦-(نصر بن قوام، ابی الدر یاقوت):لە دیارترین ئەو بازرگانە موسڵمانانە بوون کە لە ماوەی جەنگی خاچپەرستەکاندا بازرگانیان بە کاڵا و شمەکە جیاوازەکانەوە کردووە لە نێوان هەردوولادا، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە بازرگانی موسڵمان بوون، بەڵام لەلایەن خاچپەرستەکانەوە ڕێزی زۆریان لێنراوە.

١٧-تبنین: شارێکە لە چیای(بنی عامر)، لە نێوان دیمەشق و(صور)دایە، دەبڕوانیە سەر شاری بانیاس(یاقوت الحموي،٢،١٩٧٧/١٤).

١٨-نابلس: شارێکی بەناوبانگە لە زەوی فەلەستیندا لە نێوان دوو چیای لاکێشەییدایە، نێوان شاری نابلس و قودس دە فەرسەخ-واتە شەست کیلۆمەترە(یاقوت الحموي،٥،١٩٧٧/٢٤٨).

١٩- توابل: مەبەست لە توابل بیبەری شرین و تون و مێخەک و دارچین و هێل و زەعفەران و زەنجەفیل و زەردەچەوە بوو، لەلایەن موسڵمانەکان و خاچپەرستەکان و تەنانەت ئەوروپاشەوە گرنگیەکی زۆری پێدراوبوو، چونکە بۆ دروستکردنی جۆرەها خواردن و مەڵهەم و شروبی پزیشکی بەکاریانهێنابوو (Thompson,1959,1/406،408؛سونیا هاو،٢٢،١٥،١٩٥٧).

٢٠- (لويس التاسع): مەلیکی فەرەنسا بوو بە(القديس لويس) ناسرابوو بەهۆی پابەندی و هۆگری بۆ کڵێسا و ڕێنمایە ئاینیەکانی، سەرکردایەتی حەوتەیەمین هەڵمەتی خاچپەرستەکانی کردووە بۆ سەر دومیات لە وڵاتی میسر تووشی شکست هاتووە (جوانفل،٩٥،٣٢،١٩٦٨؛یوسف،٥٨،٧٩،١٩٧١).

٢١-(هنري دي شامبين): ناسراو بە مەلیک(هنري الثاني) کوری(هنري الأول) بوو، لە دوای مردنی باوکی لەساڵی(٥٧٦ک/١١٨١ز) بوو بە مەلیکی قودس، لە ساڵی(٥٩٣ک/١١٩٧ز) کۆچی دوای کردووە(زکار،٣،١٩٩٣/٤٠١).

٢٢- شب: یەکێک بوو لە کانزا بەنرخەکان، لەڕووی ڕەنگەوە باوترین جۆری ڕەنگی ئەم کانزایە ڕەنگی سپی بوو، چونکە ڕەنگێکی سپی و ترشەڵۆڵکێکی ئەوتۆی تێدابوو کەتەنانەت لە بەرچیشدا نەبوو، ئەم کانزایەیش بەزۆری لە وڵاتی میسر دەست دەکەوت(العمري،٢٢،٢٠١٠/١٦٢-١٦٣)

٢٣-قنتار: یەکەی پێوانەی کێشە، (ابن منظور) دەڵێت:مەبەست لە قنتار هێندەی کێشی گایەیە بە زێڕ(ابن منظور،د.ت،٥/١١٩)

٢٤- نیترون: بەیەکێک لە کانزا بەنرخەکان دادەنرێت لەلایەن دەسەڵاتدارە موسڵمانەکانەوە قۆرخ کرابوو، بەهۆی ئەو سوودە زۆرەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشیە جیاوازەکان هەیبوو، وای کردبوو کە نرخێکی گرانبەهای هەبێت لە مامەڵە بازرگانییەکاندا. العمري،٢٢،٢٠١٠/٢١٦؛المقريزي،١،١٩٩٨/٢٠٥).

٢٥-(صالح إسماعيل): لە شاری حەلەب لە ساڵی(٥٥٨ک/١١٦٣ز) لە دایک بووە، فەرمانڕەوایەتی وڵاتی شام و میسری لە دوای مردنی باوکی لەساڵی(٥٦٩ک/١١٧٤ز)بەدەستەوە گرتووە، لەساڵی(٥٧٧ک/١١٨١ز) کۆچی دوای کردووە(ابن واصل،٢،١٩٥٧،١٠٦/١؛النويري،٢٧،٢٠٠٤/١١٩).

٢٦-(علم الدين سنجر شوجاعي): جێگری سوڵتان بوو لە شاری دیمەشق، لەسەردەمی سوڵتان(عادل كتبغا) لە ساڵی(٦٩٤ک/١٢٩٤ز) مردووە(ابن تغري بردي،٦،١٩٩٠/٨٠).

٢٧-(مستنصر باللە): ناوی(ابوجعفر المنصور بن ظاهر) هەشتەیەمین خەلیفەی فاتمیەکان بوو، لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٤٢٧ک/١٠٣٦ز)دەسەڵاتی خیلافەتی وەرگرتووە، لە ساڵی(٤٨٧ک/١٠٩٤ز) کۆچی دوای کردووە(الذهبي،٢٣،١٩٨٥/١٥٥-١٥٦).

## سەرچاوە سەرەکییەکان


١-ابن الأثير،(١٩٦٣م)،تاريخ الباهر في الدولة الأتابكية،ت:عبدالقادر أحمد طليمان،القاهرة،دارالكتب الحديثة.

٢-الإدريسي،(د.ت)،نزهة المشتاق في أختراق الأفاق،الثقافة الدينية،بورسعيد.

٣-إسامة بن منقذ(١٩٣٠م)،الأعتبار،ت:فليب حتي،القاهرة،مكتبة الثقافة الدينية.

٤- البنداري(١٩٧٠م)،سنا البرق الشامي،ت:رمضان ششن،بيروت،الأمان.

٥-بنيامين التطيلي،(٢٠٠٢م)،رحلة بنيامين التطيلي،ت:عزار حداد،ابوظبي،مجمع الثقافي.

٦-ابن تغري بردي،(١٩٩٠م)،المنهل الصافي و المستوفي بعد الوافي،ت:محمد محمد أمين،القاهرة،الهيئة المصرية العامة.

٧-توديبود،بطرس،(١٩٩٩م)،تاريخ رحلة إلى بيت المقدس،ت:حسين محمد عطية،ط١،الأسكندرية،دار المعريفة الجامعية.

٨-ابن جبير،(د.ت)،رحلة ابن جبير،بيروت،دار صادر.

٩-جوانفيل،(١٩٦٨م)،القديس لويس حياته و حملاته على مصر و الشام،ت:حسن حبشي،ط١،مصر،دار المعارف.

١٠-ابن الجوزي(٢٠١٣م)،مرأة الزمان في تواريخ الأعيان،ت:محمد بركات و الأخرون،ط١،دمشق،دارالرسالة العالمية.

١١-حاج بورشاد،(١٩٩٥م)،وصف الأرض المقدسة،ت:سعيد عبدالله البيشاوي،ط١،عمان،دار الشروق.

١٢-الحنبلي،(١٩٧٣م)،الأنس الجليل بتاريخ القدس و الخليل،عمان،مكتبة المحتسب.

١٣-ابن خلكان،(١٩٧٨م)،وفيات الأعيان و أنباء أنباء الزمان،ت:إحسان عباس،دارصادر،بيروت

١٤-الدواداري،(١٩٧٢م)،كنز الدرر و جامع الغرر،ت:عبدالفتاح عاشور،القاهرة.

١٥-الذهبي،ج١٦،(١٩٩٦م)،ج٢٣،(١٩٨٥)،سير أعلام النبلاء،ت:بشار عواد معروف و محيى هلال سرحان،ت:بشار عواد معروف ومحي هلال السرحان،ط١١،مؤسسة الرسالة.

١٦-شيخ الربوة،(١٨٦٥ز)،نخبة الدهر في عجائب البر و البحر،بطربورغ،الأكادمية الأمبراطورية.

١٧-ابن زولاق،(١٩٩٩م)،فضائل مصر و أخبارها و خواصها،ت:على محمد عمر،القاهرة،مكتبه الخانجي.

١٨-ابن سعيد المغربي،(١٩٧٠م)،كتاب الجغرافيا،ط١،بيروت،المكتب التجاري.

١٩- الشاتري،فوشية،د.ت،تاريخ الرحلة الى القدس،ت:زياد الجميل العسلي،عمان،دار الشروق.

٢٠-ابن الشحنة،(١٩٨٤م)،الدرر المنتخب في تاريخ مملكة حلب،دمشق،دار الكتاب.

٢١-ابـن شـداد،(١٩٦٢م)،الأعـلاق الخطيـرة فـي ذكـر أمـراء الشـام و الجزيرة،ت:سامي دهان،دمشق.

٢٢-ابن شداد،(١٩٦٤م)،النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية سيرة صلاح الدين،ت:جمال الدين شيال،ط١،،القاهرة،الخانجي.

٢٣-الشيزري،(١٩٤٦م)،نهاية الرطبة في طلب الحسبة،لجنة،القاهرة.

٢٤-الصـوري،وليم،(١٩٩٤م)،الحـروب الصـليبية،ت:حسـن حبشـي،الهيئة المصرية.

٢٥-ابـن ظهيـرة،(١٩٦٩م)،الفضـائل البـاهرة فـي محاسـن مصـر و القاهرة،ت:مصطفى السقا و كامل المهندس،القاهرة،دار الكتب.

٢٦-ابـن عبـد الحـق،(١٩٩٢م)،علـى محمـد البجاوي،مراصـد الإطـلاع علـى أسماء الأمكنة والبقاع،ط١،بيروت،دار الجيل.

٢٧-ابـن عبـدالظاهر،(١٩٧٦م)،الـروض الزاهـر فـي سـيرة الملـك الظاهر،ت:عبدالعزيز الخويطر،ط١،الرياض.

٢٨-ابـن العسـاكر،(١٩٩٧م)،تـاريخ مدينـة دمشـق،ت:عمـر بـن غرامـة العمروي،عمر،ط١،دمشق،دارالفكر.

٢٩-العمـري،(٢٠١٠م)،المسـالك الأبصـار فـي الممالـك الأمصـار،ت:كامـل سليمان الجبوري،ط١،بيروت،دارالكتب العلمية.

٣٠-ابو الفداء،(١٨٤٠م)،تقويم البلدان،باريس،دار السلطانية.

٣١-فوقـاس،يوانس،(٢٠١٠م)رحلـة يـوانس فوقـاس فـي الأراضـي المقدسـة،ت:عبدالله سـعيد البشـاوي،مجلة جامعـة القـدس المفتوحـة للأبحـاث والدراسات.

٣٢-القزويني،(د.ت)،أثار البلاد و أخبار العباد،بيروت،دارصادر.

٣٣-ابن القلانسي،(١٩٠٨م)،ذيل تاريخ دمشق،بيروت،لأباء اليسوعين.

٣٤-القلقشـندي،ج٣-٤(١٩١٤م)-ج١١(١٩١٧م)،-ج١٤(١٩١٩م)،صـبح الأعشى،القاهرة،الأميرية.

٣٥-المقريـزي،١٩٩٧م)،السـلوك لمعرفـة دول الملـوك،ت:محمـد عبـدالقادر عطا،بيروت،دار الكتب العلمية.

٣٦-(١٩٩٨م)،المـواعظ و الأعتبـار بـذكر الخطـط و الأثـار،ط١،بيـروت،دار الكتب العلمية.

٣٧-ابـن ممـاتي،(١٩٤٣م)،كتـاب قـوانين الـدواوين،ت:عزيـز سـوريال عطية،ط١،القاهرة،مدبولي.

٣٨-ابن منظور،(د.ت)،لسان العرب،بيروت،دار صادر.

٣٩-النـويري،(٢٠٠٤م)،نهايـة الأرب فـي فنـون الأدب،ت:كفيـد قمحة،بيروت،دار الكتب العلمية.

٤٠-ابن واصل،(١٩٥٧م)،مفرج الكروب في أخبار بني أيوب،ت:جمال الدين شيال و أخرون،القاهرة،الأميرية.

٤١-ياقوت الحموي،(١٩٧٧م)،معجم البلدان،بيروت،دار صادر.


## ژێدەرەکان


١-لأرناؤوط،محمد،(٢٠١٣م)،دمشق من خلال كتب الرحلات في العصرين الأيوبي و المملوكي،عمان.

٢-باركر،ارنسـت،(١٩٦٧م)،الحـروب الصـليبية،ت:سـيد البـاز العريني،ط٢،بيروت،دار النهضة العربية.

٣-براور،يوشـع(٢٠٠١م)،الإسـتيطان الصـليبي فـي فلسـطين مملكـة بيـت المقدس،ت:عبدالحافظ البنا،دار روتابرنت.

٤-بوس،أدريان،(٢٠١٠م)،مدينة بيت المقدس زمن الحروب الصليبية،ت:علي السيد علي ،ط١،القاهرة،الأميرية.

٥-البيشاوي،السـعيد،(١٩٨٩م)،الممتلكـات الكنيسـة فـي مملكـة بيـت المقـدس الصليبية،الأسكندرية،دار المعرفة الجامعية.

٦-بيرين،هنـري،(١٩٩٦م)،تـاريخ اوروبـا فـي العصـور الوسـطى الحيـاة الإقتصادية و الإجتماعية،ت:عطية القوصي،القاهرة،الهيئة المصرية.

٧-توفيق،عمر كمال،(١٩٨٦م)،الدبلوماسية الإسلامية و العلاقات السليمة مع الصليبيين،الأسكندرية،مؤسسة شباب.

٨-جب،هـاملتون،(١٩٧٣م)،صـلاح الـدين الأيـوبي،ت:يوسـف ابيش،بيروت،مؤسسة خليفة.

٩-جوهري،نهى فتحي،(٢٠٠٨م)،إمارة الطرابلس الصليبية في القرن الثالث عشر الميلادي/السابع الهجري،القاهرة،دار العالم العربي.

١٠-جويعـد الشـمري،غانم شـيحان،(٢٠١٧م)،عمـاد الـدين زنكـي فـاتح الرها،ط١،كويت،دار الظاهرية.

١١-حـافظ النقر،محمـد،(٢٠٠٦م)،تـاريخ بيـت المقـدس فـي عصـر مملوكي،ط١،الأردن،دار البداية.

١٢-حبشي،حسن،(١٩٤٨م)،نورالدين و الصليبيون حركة الإفاقة و المجتمع الإسلامي في القرن السادس الهجري،بغداد،دارالفكرالعربي.

١٣-حتي،فليب،(د.ت)،لبنـان فـي التـاريخ منـذ أقـدم العصـور التاريخيـة إلـى عصرنا الحاضر،ت:أنيس فريحه،بيروت،دارالثقافة.

١٤-حلاق،حسان،(١٩٨٦م)،العلاقـات الحضـارية بـين الشـرق و الغـرب فـي العصور الوسطى،الدار الوطنية.

١٥-الحناوي،مصـطفى محمـد،(٢٠٠٤م)،الفرسـان الاسـبتارية ودورهـم فـي الصراع الصليبي الاسلامي،الرياض،مكتبة الرشد.

١٦-الحويري،محمود محمد،(٢٠٠٢م)،مصر في عصور الوسطى من العصر المسيحي حتى الفتح العثماني، ط٢،القاهرة،المكتب المصري.

١٧-رانسيمان،سـتيفن(١٩٩٨م)،تـاريخ حمـلات الصـليبية،ت:نورالـدين خليل،ط٢،الإسكندرية.

١٨-زكار،سـهيل،(١٩٩٥م)،الموسـوعة الشـامية فـي تـاريخ الحـروب الصليبية،دمشق.

١٩-ابن زولاق،(١٩٩٩م)،فضائل مصر و أخبارها و خواصها،ت:على محمد عمر،القاهرة،مكتبه الخانجي.

٢٠-زيتون،عادل،(١٩٨٠م)،العلاقات الأقتصادية بين الشرق و الغرب في العصور الوسطى،ط١،دار دمشق،دمشق.

٢١-السـاحلي،نعيمة عبدالسـلام،(٢٠٠٩م)،الأسـتيطان الفرنجـي و تـأثيره فـي البيئـة السياسـية والأقتصـادية والأجتماعيـة للكيانـات الصـليبية فـي فلسـطين والساحل الشامي،ط١،دمشق.

٢٢-سالم،السـيد عبـدالعزيز،(١٩٦٦م)،طـرابلس الشـام فـي التـاريخ الإسلامي،الأسكندرية،مؤسسة الجامعة.

٢٣-سـميث،رايلي جونـاثـان،(١٩٨٩م)،الأسـبتارية فرسـان القـديس فـي بيـت المقدس و قبرص ت:الركن صبحي الجابي،ط١،دمشق،دارطلاس.

٢٤-سونيا هاو،(١٩٥٧م)،في طلب التوابل،ت:محمد عزيز رفعت،القاهرة.

٢٥-الشـامي،أحمد،(١٩٨٥م)،تـاريخ العلاقـات بـين الشـرق و الغرب،ط١،القاهرة،دار النهضة العربية.

٢٦-صبره،عفاف سيد،(١٩٨٣م)،العلاقات بين الشرق و الغرب،القاهرة،دار النهضة العربية.

٢٧-العسلي،بسـام،(١٩٨٨م)،فـن الحـرب الأسـلامي أيـام الحـروب الصليبية،ط١،بيروت،دار الفكر.

٢٨-غوانمه،يوسف درويش،(١٩٨٢م)،التاريخ الحضاري لشرقى الأردن في عصر مملوكي،ط٢،عمان،دار الفكر.

٢٩- فهمي،نعيم زكي،(١٩٧٣م)،طرق التجارة الدولية ومحطاتها بين الشرق والغرب،القاهرة،الهيئة المصرية العامةالقاهرة.

٣٠-فيز،ڤولفغانغ مولر،(١٩٨٤م)،القلاع أيام الحروب الصليبية،ت:محمد وليد الجلاد،ط٢،دمشق،دارالفكر.

٣١-قاسـم،عبده قاسـم،(٢٠١٠م)،فـي تـاريخ الأيـوبيين و المماليك،القاهرة،دارعين للدراسات و البحوث.

٣٢-قلعجي،قدري،(١٩٩٢م)،صلاح الدين الأيوبي قصة الصراع بين الشرق و الغرب،ط١،بيروت.

٣٣-كرد علي،محمد،خطط الشام،(١٩٢٦م)،دمشق،الترقي.

٣٤-ماير،هانس ابراهارد،(٢٠٠٨م)،تاريخ الحروب الصليبية ت:عماد الدين غانم،اللاذقية.

٣٥-محمود،علي السيد علي،(١٩٩٦م)،العلاقات الأقتصادية بين المسلمين و الصليبيين،عين للدراسات و البحوث.

٣٦-النبراوي،(٢٠٠٤م)،النقود الصليبية في الشام ومصر،القاهرة،دارالقاهرة.

٣٧-النقاش،زكي،(١٩٥٧م)،العلاقات الإجتماعية والثقافية والأقتصادية بين العرب والأفرنج خلال الحروب الصليبية،بيروت،دار الكتاب.

٣٨-ق.هايد،ج١(١٩٨٥م)-ج٢(١٩٩١م)،ج٣(١٩٩٤م)،تاريخ التجارة في الشرق الأدنى في العصور الوسطى،ت:أحمد رضا محمد،القاهرة،الهيئة المصرية العامة.

٣٩-هونكه،زيغريد،(١٩٩٣م)،شمس العرب تسطع على الغرب،ط٩،بيروت،دار الآفاق الجديدة.

٤٠-يوسف،جوزيف نسيم،(١٩٧١م)،العدوان الصليبي على بلاد الشام،ط٣،الأسكندرية،دار الكتب الجامعية.

## نامەی ئەکادیمی ماستەر

١-ابودمعة،أمين،(١٩٨٨م)،الحياة الأقتصادية في بلاد الشام في عصر الأيوبي،رسالة ماجستير المنشورة،كلية الأداب و العلوم الانسانية،قسم التاريخ،جامعة دمشق.

٢-حسن الدويكات،فؤاد عبدالرحيم،(١٩٩٦م)،أقطاعية طبرية دورها في الصراع الصليبي الإسلامي،رسالة ماجستير المنشورة،كلية الأداب،قسم التاريخ،جامعة اليرموك.

٣-حسين،رشا عبدالفتاح محمد،(٢٠٠٦م)،الأثار الأجتماعية للحروب الصليبية دراسة على مجتمعات بلاد الشام، كلية الأداب،قسم تاريخ،جامعة الزقازيق.

1- Byrne.E.H ,(1930),Genoese Shipping in the twelfth and thirteenth centuries, Medieval Academy of America,Cambridge.

2-Conder.C.R,1930),The latin kingdom of the Jerusalem, committee of the Palestine exploration fund,London.

3-Goitein.S.D, (1961),The Main Industries of the Mediterranean Area as Reflected in the Records of the Cairo Geniza, Brill,Leiden.

4-Raab. Clement,(1937), The Twenty Ecumenical Councils Of The Catholic Church,Longmans, green,London.

5-Schlumberger.G,(1877), Numismatique De Lorient Latin, Ernest Leroux, Paris.

**6**-Smith.J.R,(1973), the feudal nobility and the kingdom of jerusalm, London.

7-Smail.R.C,(1973),The Crusaders In Syria And The Holy Land,London, Praeger.

8-Stantchev. Stefan. k,(2014), spiritual rationality papal embargo as cultural practice, united kingdom:oxford university press.

9-Thompson.J.W, (1959), Economic and social history of the Middle Ages, ed2, New York, Frederick Ungar.

10-Ziadeh. Nicola, (1953), urban life in Syria under the early mamluks, Beirut, American University.

1-P.Balog,P.Yvon,J, (1958), Monnaies a Legends Arabes de Lorient Latin, les belles lettres,Paris.

2- Ray.E.G, (1883), Les colonies franques de syrie, Alph Picard, Paris.

3-Lavoix.H, (1877), Monnaies a legends arabes frappes en Syria, Paris, Joseph Bear Et.

4-Mas Latrie.L.D, (1866), Traites De Paix Et De commerce, Parise, Henri Plon.

5-Pernound.R,(1948),Les villes marchands aux xiveme ET xveme imperialism et capitalism au moyen age, paris.

Electronic reference

1-www. wikipedia.org

2-www.explorethemed.com